# کردە زیانبەخشەکان

## ڕاسپاردەی گشتیی هاوبەش

کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان ژمارە ٣١

و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ ژمارە ١٨



# کردە زیانبەخشەکان

راسپاردەی گشتیی هاوبەش

کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ژمارە ٣١

کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ژمارە ١٨

سلێمانیی – ٢٠٢٢

پەڕتووکی (٩)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی**

هەواڵنامەی کتێب

❁ ناوی پەڕتووک: **کردە زیانبەخشەکان**

❁ وەرگێڕان: **ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی**

❁ بابەت: **یاسایی**

❁ نرخ: **خۆڕایی**

❁ نۆرەی چاپ: **یەکەم – ٢٠٢٢**

❁ تیراژ: **٥٠٠ دانە**

## ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی، ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردیی-ئەڵمانیی ناحکوومیی سەربەخۆی قازانجنەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە کلاورۆژنەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە کوردستان. ناوەند لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسایانەدا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستان دەکات.

ئەم وەرگێڕانە بەرهەمی **(ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی)**ـە بۆ ئاشناکردنتان بە ڕەهەند و تانوپۆکانی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندەکە و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ، باربۆی کردووە.

www.kc-interlaw.org

info@kc-interlaw.org

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆک


یەکەم: پێشەکی ........................................................................ ٦

دووەم: ئامانج و مەودای ڕاسپادەی گشتیی هاوبەش ............................ ٧

سێیەم: بنەما بۆ ڕاسپادەی گشتیی هاوبەش ....................................... ١١

چوارەم: ناوەڕۆکی پێودانگی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان و پەیماننامەی مافەکانی منداڵ .............................................. ١٧

پێنجەم: پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی کردە زیانبەخشەکان ......................... ٢١

شەشەم: هۆکارەکان، شێوەکان و دەرکەوتنەکانی کردە زیانبەخشەکان ......... ٢٣

ا. خەتەنەکردنی ئەندامی زاوزێی مێینە .......................................... ٢٥

ب. هاوسەرگریی پێشوەخت یان زۆرەملێ .......................................... ٢٧

پ. فرەژنیی .......................................................................... ٣٣

ت. ئەو تاوانانەی بە ناوی شەرەفەوە ئەنجام دەدرێن ........................... ٣٥

حەوتەم: چوارچێوەی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی کردە زیانبەخشەکان ........... ٣٩

ا. کۆکردنەوەی زانیاریی و چاودێریی ............................................. ٤٣

ب. یاسا و جێبەجێکردن .............................................................. ٤٦

پ. پێشگیریی لە کردە زیانبەخشەکان .............................................. ٥٨

ت. ڕێوشوێنەکانی پاراستن و خزمەتگوزارییەکانی بەدەمەوەچوون ................ ٨٣

هەشتەم: بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ڕاسپاردەی گشتیی هاوبەش و ڕاپۆرتدان ..... ٨٩

نۆیەم: پەسەندکردنی پەیماننامە یان بەرزکردنەوە و ئاگادێریی ................... ٩١


هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم: پێشەکیی

١. 'پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان'[1] و 'پەیماننامەی مافەکانی منداڵ'،[2] 'پابەندێتیی'[3] یاسایی تێدایە، ئەمانە هەم بە گشتیی و بە تایبەتییش، پەیوەندییان بە نەهێشتنی 'کردە زیانبەخشەکانەوە'[4] هەیە. کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، بەردەوام لە جێبەجێکردنی کارنامەکانی چاودێرییکردنیان تیشکۆیان خستووەتە سەر ئەو کردانەی وا باندۆر دەخەنە سەر ژنان و منداڵان، بە تایبەت کچان. هەر لە ژێر ڕۆشنایی سنووری ئەم کارنامەدا و پابەندێتیی هاوبەش بۆ 'پێشگیریی'،[5] بەدەمەوەچوون و 'نەهێشتن'[6]ـی کردە زیانبەخشەکان، ئەگەر لە هەر شوێنێک و بە هەر شێوەیەک ڕوو بدەن، کۆمیتەکان بڕیاریان دا ئەم 'ڕاسپاردە گشتییە'[7] هاوبەشە پەرە پێ بدەن.

[1] The Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women.
[2] The Convention on the Rights of the Child.
[3] Obligation.
[4] Harmful Practices.
[5] Prevent.
[6] Eliminate.
[7] General Comment.

## دووەم: ئامانج و مەودای ڕاسپادەی گشتیی هاوبەش

٢. ئامانجی ئەم ڕاسپاردە گشتییەی ئێستا ڕوونکردنەوەی پابەندێتیی دەوڵەتانی ئەندامی 'پەیماننامە'[8]کانە، ئەمە بە دەساوێژی پێشکەشکردنی 'ڕێنمایی'[9] دەسەڵاتدارێتیی سەبارەت بە گرتنەبەری یاسادانان و ڕێسا و ڕێوشوێنی گونجاوی تر، ئەمەش بۆ ئەوەی لە پەسەندکردنی تەواویی پابەندێتییەکان بەپێی پەیماننامەکان بۆ نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان، دڵنیا ببینەوە.

٣. کۆمیتەکان پەی بەوە دەبەن کردە زیانبەخشەکان کاریگەرییان لە سەر ژنانی پێگەیشتوو هەیە، چ ڕاستەوخۆ یان بەهۆی کاریگەریی درێژخایەنی ئەو کارپێکردنانەی وا لە کچێتییدا تووشی بوون. بۆیە ئەم ڕاسپادە گشتییە هاوبەشە، زیاتر وردەکاریی پابەندێتییەکانی دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان بۆ برگە پەیوەندییدارەکانی نەهێشتنی ئەو کردە زیانبەخشانە دەخاتە ڕوو، وا باندۆر دەخەنە سەر مافی ژنان.

---

[8] Convention.
[9] Guidance.

٤. هەروەها، کۆمیتەکان پێ دەزانن کوڕانیش قوربانیی 'توندوتیژیی'[10] و کردە زیانبەخشەکان و هەڵاواردنن و دەبێت چارەسەری مافەکانیان بکرێت، تا بەپێی بنەمای جێندەریی ڕێگریی لە توندوتیژیی و درێژەدان بە 'هەڵاواردن'[١١] و 'نایەکسانیی جێندەریی'[١٢] لە ژیانیاندا بکرێت. بەم پێیە، لێرەدا ئاماژە بە پابەندێتیی دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ دەکرێت، ئەمەش سەبارەت بەو کردە زیانبەخشانەی لەو جیاکارییەوە سەرچاوە دەگرن وا کاریگەریی دەخەنە سەر کوڕان بۆ 'چێژوەرگرتن لە مافەکان'[١٣]یان.

٥. پێویستە ڕاسپاردەی گشتیی هاوبەشی ئێستا هاوشان لەگەڵ ڕاسپادەی گشتیی پەیوەندیدار و لێدوانە گشتییەکان بخوێنرێتەوە، ئەمانەش لەلایەن کۆمیتەکانەوە دەرکراون، بە تایبەتی ڕاسپادەی گشتیی ژمارە ١٩ی کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٨ سەبارەت بە مافی منداڵ بۆ پاراستن لە 'سزای جەستەیی'[١٤] و شێوەکانی تری 'سزای

هەواڵنامەی کتێب

---

10 Violence.
11 Bias.
12 Gender Inequality.
13 Enjoyment of Rights.
14 Corporal Punishment.

درندانه'[15] یان 'سـووکایەتیپێکەر'[16] و ڕاسـپاردەی گشـتیی ژمارە ١٣ـــی کۆمیتەی مافەکانی منداڵ ســـەبارەت بە مافی منداڵ بۆ پارێزراوبوون لە هەموو شـێوەکانی توندوتیژیی. ناوەڕۆکی ڕاسـپادەی گشـتیی ژمارە ١٤ـــی کۆمیتەی نەهێشـــتنی جیاکاریی دژی ژنان ســـەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە، بەم ڕاسپادەی گشتییە هاوبەشەی ئێستا نوێ کراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

15 Cruel.
16 Degrading.

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: بنەما بۆ ڕاسپادەی گشتیی هاوبەش

٦. کۆمیتەی نەهێشــتنی جیاکاریی دژی ژنان و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن، کە کردە زیانبەخشــەکان، ڕەگێکی قووڵیان لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەدا هەیە، لەوانە: 'کەمبینیی[١٧]ی ژنان و کچان لەچاو پیاوان و کوڕان، ئەمەش لە ســەر بنەمای ڕۆڵی 'باوەڕپاویی'.[١٨] هەروەها تیشــک دەخەنە ســەر ڕەهەندی توندوتیژیی جێندەریی، ئاماژە بەوە دەکەن گوایە هەڵوێســتەکان و باوەڕپاویی بەپێی 'بنەمای ڕەگەز'[١٩] و 'بنەمای جێندەر'[٢٠] و ناهاوســەنگیی دەســەڵات و نایەکســانیی و جیاکاریی درێژە بە بوونی بەربڵاوی ئەو کردانە دەدەن وا زۆر جار توندوتیژیی یان زەبروزەنگــی تێدایە. هەروەها گرنگە وەبیر بهێنینەوە کۆمیتەکان لەوە نیگەرانن کە کردەکان بۆ پاســاودانی

---

[17] Inferior.
[18] Stereotype.
[19] Sex-based.
[20] Gender-based.

توندوتیژیی لە سەر بنەمای جێندەر، وەک شێوەیەکی پاراستن و دەستبەسەرداگرتنی ژنان،[i] و منداڵان لە ماڵێ یان جڤات، لە خوێندنگە یان شوێنە پەروەردەییەکانی تر و کۆمەڵگای فراوانتردا بەکار دەهێنرێن. هەروەها، کۆمیتەکان سەرنجی دەوڵەتانی ئەندام بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشن کە جیاکاریی لە سەر بنەمای ڕەگەز و جێندەر، هاوڕێ لەگەڵ هۆکارەکانی دی، کار دەکەنە سەر ژنان[ii] و کچان، بە تایبەت ئەوانەی سەر بە گرووپە نەدارەکانن، یان لە وێنەی گرووپی نەدار هەژمار دەکرێن، بۆیە ئەمانە مەترسیی زیاتریان لە سەرە تا ببنە قوربانیی کردە زیانبەخشەکان.

هەواڵنامەی کتێب

٧. کردە زیانبەخشەکان لە سەر بنەمای ڕەگەز و جێندەر و تەمەن ڕیشاژۆ دەبن، بۆ نموونە، زۆر جار لە ڕێی بانگەشەی 'کۆمەڵکەلتووریی'[٢١] و نەریت و بەهای ئایینیی ڕەوایەتییان پێ دەدرێت، ئەمە جگە لەو هەڵەتێگەیشتنانەی وا پەیوەندییان بە هەندێ گرووپی نەداری ژنان و منداڵانەوە هەیە. بە گشتیی، زۆر جار کردە زیانبەخشەکان، هاوپەیوەندیی شێوە توندوتیژییە ترسناکەکانن یان خۆیان شێوەیەکی توندوتیژیین دژی ژنان و منداڵان. لە کاتێکدا سرووشت و بەربڵاویی کردەکان بەپێی ناوچە و کەلتوور جیاوازە،

[21] Sociocultural.

باوترین و بەڵگەدارترینیان بریتین لە 'خەتەنەکردنی مێینە'،[٢٢] 'هاوسەرگریی پێشوەختە'،[٢٣] 'هاوسەرگریی زۆرەملێ'[٢٤] و 'فرەژنیی'،[٢٥] ئەو تاوانانەی لە ژێر ناوی شەرەف و توندوتیژیی پەیوەست بە مارەیی ئەنجام دەدرێن. بە سەرنجدان بەوەی ئەو کردانە زۆر جار دەهێنرێنە بەردەم هەردوو کۆمیتەکە و لە هەندێک دۆخدا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە رێی رێبازە یاسایی و بەرنامەییەکانەوە کورت کراونەتەوە، لێرەدا وەک نموونەی ڕوونکەرەوەی سەرەکیی بەکار دەهێنرێن.

٨. کردە زیانبەخشەکان، بە شێوەیەکی بەرباڵو جڤاتە جیاوازەکانی زۆربەری وڵاتانی گیرۆدە کردووە. هەروەها هەندێکیان لەو هەرێمانە یان وڵاتانەدا دەبینرێن کە پێشتر کردە زیانبەخشەکانیان لێ تۆمار نەکراوە و بەهۆی کۆچکردنەوە دەرکەوتوون، لە کاتێکدا لە وڵاتانی تردا ئەم چەشنە کارپێکردنانە بەرەو نەمان چوو بوون، بەڵام ئێستا لە ئەنجامی هۆکارەکانی وەک 'ڕەوشی پێکدادان'[٢٦] سەر هەڵدەدەنەوە.

[22] Female Genital Mutilation.
[23] Child marriage.
[24] Forced marriage
[25] Polygamy.
[26] Conflict situations.

٩. زۆرێک لە کردەکانی تر، کە وەک کردەی زیانبەخش دەستنیشان کراون، هەموویان بە توندیی پەیوەستن بە ڕۆڵە جێندەرییەکان و سیستەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی 'باوکسالاریی'،[٢٧] ئەمەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بنیات نراوە و بەهێزیان دەکەن و هەندێک جار ڕەنگدانەوەی ڕوانگە نەرێنییەکانن یان بۆ بیروباوەڕی جیاکاریی سەبارەت بە هەندێک گرووپی نەداری ژنان و منداڵان، لەوانەش کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت یان 'شڵ'.[٢٨] کردەکان بریتین لە پشتگوێخستنی کچان (وەک گرنگرییپێدانی فرەتر بە چاودێریی و چارەسەری کوڕان)، پارێزیی خۆراک لە کاتی دووگیانیدا (وەک بەزۆر خۆراکپێدان و خۆراکە تابۆکان)، 'پشکنینی پاکیزەیی'[٢٩] و کردە پەیوەندیدارەکانی تری وەک: 'بەستن'،[٣٠] پەڵەدارکردن، کوتانی نیشانەکانی خێڵ، سزادانی جەستەیی، 'سەنگسار'،[٣١] ڕێوڕەسمی هاتنانەی توندوتیژ، کردەکانی بێوەژنایەتیی، تۆمەتبارکردن بە جادووگەریی، 'کۆرپەکوژیی'[٣٢] و 'مەحرەمگێیی'[٣٣]،[iii] بەڵام هەر تەنیا

---

[27] Patriarchal.
[28] Albinism
[29] Virginity testing.
[30] Binding
[31] Stoning.
[32] Infanticide
[33] Incest

ئەوانەش ناگرێتەوە. هەروەها ئەو گۆڕانکارییە جەستەییانەش دەگرێتەوە وا بە مەبەستی جوانکاریی یان هاوسەرگیرێتیی کچان و ژنان ئەنجام دەدرێن وەک؛ (قەڵەوکردن، دابڕین، بەکارهێنانی دەمەوانە و ملەوانە بە ئەڵقەی مل)[iv] یان لە هەوڵی پاراستنی کچان لە زوو دووگیانبوون یان تووشبوون بە دەستدرێژیی و توندوتیژیی سێکسی (وەک مەمکسووین).[٣٤] جگە لەوەش، زۆرێک لە ژنان و منداڵان زۆر جار چارەسەری پزیشکیی یان نەشتەرگەریی جوانکارییان بۆ دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی جەستە بێنەوە، نەک لەبەر هۆکاری پزیشکیی یان تەندرووستیی، هەروەها زۆرێکیان فشاریان لە سەرە بۆ ئەوەی بەپێی دابی ڕۆژ کز بن، ئەمەش پەتای تێکچوونی خواردن و تەندرووستیی لێ کەوتووەتەوە.

---

[34] Breast ironing

هەواڵنامەی کتێب

## چوارەم: ناوەڕۆکی پێودانگی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان و پەیماننامەی مافەکانی منداڵ

١٠. هەرچەندە لە کاتی داڕشتنی 'ڕەشنووس'[35]ـی پەیماننامەکاندا پرسی کردە زیانبەخشەکان کەمتر ناسرا بوو، بەڵام هەردووکیان بڕگەگەلێک لەخۆ دەگرن، کە کردە زیانبەخشەکان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە و دەوڵەتانی ئەندام پابەند دەکەن بە هەنگاونان بۆ دڵنیابوون لەوەی پێشگریان لێ بکرێت و بنبڕ بکرێن. هەروەها، کۆمیتەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتی دەوڵەتانی ئەندام و گفتوگۆی دواتر لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام و چاودێرییە کۆتاییەکانیاندا، بە گرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسەدا کردووە. کۆمیتەکان لە ڕاسپادە و لێدوانە گشتییەکانیاندا زیاتر پەرەیان بەم پرسە داوە.[v]

١١. دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان ئەرکدار کراون تا بۆ ڕێزگرتن و پاراستن و بەدیهێنانی مافی ژنان و منداڵان، پێبەندی پابەندییەکانیان بن. هەروەها دەوڵەتانی ئەندام 'پابەندیی ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی'[36]ـان[vi] هەیە بۆ پێشگریی لەو کردارانەی زیان بە

---

[35] Draft.

[36] Due-diligence Obligation.

دانپێدانان و بەدیهێنان یان بەکارهێنانی مافەکانی ژنان و منداڵان دەگەیەنن، هەروەها دڵنیابوون لەوەی لایەنی تایبەت لە جیاکاریی دژی ژنان و کچان تێوە ناگلێن، لە ناویاندا توندوتیژیی بەپێی بنەمای جێندەریی تایبەت بە پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، یان هەر شێوە توندوتیژییەک دژی منداڵانی تایبەت بە پەیماننامەی مافەکانی منداڵ.

١٢. پەیماننامەکان پابەندییەکانی دەوڵەتانی ئەندام بۆ دامەزراندنی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێکخراو هێڵکێش دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی لە پاراستن و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ، دڵنیا بن. هەنگاوی یەکەم و گرنگ بۆ ئەم کارە، لە ڕێی یەکخستنی ئامرازەکانەوە دەبێت بۆ نێو چوارچێوە یاساییە نیشتمانییەکان. هەردوو کۆمیتەکە پێداگریی لەوە دەکەنەوە؛ دەبێت یاسادانانێک هەبێت، ئەم یاسادانانەش ئامانجی نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان، بودجەی گونجاو و جێبەجێکردن و چاودێریی و ڕێوشوێنی ڕاپەڕاندنی کاریگەر لەخۆ بگرێت.[vii]

١٣. 'پابەندێتیی پاراســـتن'[٣٧] لە دەوڵەتانی ئەندام دەخوازێت کە پێکهاتەیەکی یاســایی دابمەزرێنن، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە خێرا و بێلایەن و ســـەربەخۆیانە لە کردە زیـانبەخشـــەکان دەتۆژرێتەوە، تـا بیسەلمێنن ڕاپەڕاندنی یاسایی و چارەسەری کاریگەر بۆ ئەو کەسانەی وا بەهۆی ئەو جۆرە کردانەوە زیانیان پێ گەیشـــتووە. کۆمیتەکان داوا لە دەوڵەتانی ئەنـدام دەکەن، بە ئاشـــکرا و بە یاســـا و گونجاو، کردە زیانبەخشـــەکان ڕێبەند بکەن و ســزایان لە ســەر دابنرێت یان بە تاوان بکرێن. بەپێی ترســـناکیی تاوانەکە و زیانەکانی، ئامرازەکانی پێشـــگریی و پـاراســـتن و چـاکبوونەوە و 'ئـاشـــنـاکردنەوە'[٣٨] و چـارەســـەریی بۆ قوربـانییەکان، دابین بکەن؛ هەروەها بەرەنگاری 'پارێزبەنـدیی'[٣٩] کردە زیانبەخشەکان ببنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

١٤. بەپێی هەردوو پەیماننامەکە، مەرجی چارەسـەریی کاریگەرانەی کردە زیانبەخشـەکان، لە پابەندییە سـەرەکییەکانی دەوڵەتانی ئەندامە. پەیوەنـد بە مـاددەکانی 'خۆبواردن'[٤٠]ـــــەوە،[viii] ئەو خۆبورادنـانەی بە شـێوەیەکی فراوان کردە زیانبەخشـەکان سـنووردار دەکەن یان ڕێگە بە

---

[37] Obligation to Protect.
[38] Reintegration.
[39] Impunity.
[40] Reservation.

پابەندییەکانی دەوڵەتانی ئەندام دەدەن، بەپێی پابەندێتیی ڕێزگرتن و پاراستن و بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و منداڵان، بۆ ئەوەی دوور لە کردە زیانبەخشەکان بژین، لەگەڵ ئامانج و مەبەستی هەردوو پەیماننامەکەدا ناگونجێن و بەپێی ماددەی ٢٨ (٢)ی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان و ماددەی ٥١ (٢)ی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ، ڕێگەپێدراو نین.

هەواڵنامەی کتێب

## پێنجەم: پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی کردە زیانبەخشەکان

١٥. کردە زیانبەخشـــەکان بریتین لە کردەی بەردەوام و شـــێوەکانی ڕەفتار، ئەمانەش لە ســـەر بنەمای جیاکاریی ڕەگەزیی و جێندەر و تەمەن بنچینەیان گرتووە، هەروەها چەندین یەکتربڕینی شێوەکانی جیاکاریی، زۆر جار توندوتیژیی لەخۆ دەگرێت و دەبنە هۆی زیان و ئێش‌وئازاری جەستەیی یان دەروونیی. ئەو زیانانەی ئەم جۆرە کردانە بە قوربانییەکانی دەگەیەنن، لە لێکەوتە جەستـەیی و دەروونییە دەسـتبەجێکان تێدەپەڕێت و زۆر جار مەبەست یان کاریگەریی تێکدانی دانپێدانان و بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان و منداڵانی هەیە. هەروەها کاریگەریی نەرێنیی لە سەر شکۆ و جەستە و دەروون کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی و گەشەکردن، بەشـــداریی، تەندرووســـتی و پەروەردە و پێگە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لەبەر ئەوە کردەکان لە کاری هەردوو کۆمیتەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە.

١٦. پێویســـتە کردەکان بۆ مەبەســـتەکانی ئەم ڕاســـپاردە گشـــتییە هـاوبەشـــە، ئەم پێوەرانەی لای خوارێ بگرنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی وەک زیانبەخش سەیر بکرێن:

(ا) 'نکۆڵیی کەرامەت'[٤١] یان 'نکۆڵیی شـــکۆ'[٤٢]ــــی تاک و پێشـــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان دەگرێتەوە، ئەمانەش لە هەردوو پەیماننامەکەدا هاتوون.

(ب) جیاکاریی دژی ژنان و منداڵان پێک دەهێنن، تا ئەو ئەندازەیەی بۆ ئەوان وەک تاک و گرووپ، دەرئەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە و زیانبەخشن، لەوانە؛ زیانی جەستەیی و دەروونیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی/یان توندوتیژیی و سنووردارکردنی توانستی بەشداریی تەواوەتیی لە کۆمەڵگا یان پەرەپێدان و گەیشتن بە توانامەندیی تەواوەتییان.

(پ) کردەکان نەریتیین، سەر هەڵدەدەنەوە یان سەرهەڵدەدەرن، بەپێی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان هێڵکێش کراون، ئەمانەش درێژە بە 'باڵادەستیی نێر'[٤٣] و نایەکسانیی ژنان و منداڵان دەدەن، جا لە سەر بنەمای ڕەگەز، جێندەر، تەمەن و هۆکارە یەکتربڕەکانی تر.

(ت) ئەم کردانە لەلایەن ئەندامانی خێزان و جڤات یان کۆمەڵگا بە گشتیی، بە سەر ژنان و منداڵاندا دەگشتێنرێن، ئەمەش بەبێ گوێدانە ئەوەی داخۆ قوربانییەکە ڕەزامەندیی تەواو و ئازاد و ئاگادارانە پیشان دەدات یان دەتوانێت پیشانی بدات.

هەواڵنامەی کتێب

---

[41] Denial of Dignity.
[42] Denial of Integrity.
[43] Male Dominance.

## شەشەم: هۆکارەکان، شێوەکان و دەرکەوتنەکانی کردە زیانبەخشەکان

١٧. هۆکارەکانی کردە زیانبەخشـــەکان فرەڕەهەنـدن و بریتین لە ڕۆڵی باوەڕپاویی لە سەر بنەمای ڕەگەزیی و جێندەریی، 'باڵادەستی'[٤٤] یان 'بەکەمزانین'[٤٥]ـــی پەســـەندکراویی هەریەک لە جێندەرەکان، هەوڵی دەســتبەســەرداگرتنی جەســتە و ڕەگەزێتیی ژنان و کچان، نایەکســانیی کۆمەڵایەتیی و بەربڵاویی بونیادی دەســـەڵاتی 'نێرزاڵێتیی'.[٤٦] پێویســـتە هەوڵەکان بۆ گۆڕینی کردەکان، چارەســـەری هۆکارە ســـیســـتماتیکیی و بونیـادە نەریتییەکـان و ســـەرهەڵـدەرەکـان و ســـەرهەڵـدانی کردە زیانبەخشـــەکان بکەن، هەروەها کچان و ژنان و کوڕان و پیاوان بەهێز بکەن، ئەمەش بۆ بەشـــداریی لە گۆڕینی هەڵـوێســـتە کەلـتوورییە نەریتییەکان، کە 'چاوپۆشـیی'[٤٧] کردە زیانبەخشـــەکان دەکەن، وەک بریکاریی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە و بەهێزکردنی توانســـتی جڤاتەکان بۆ پشتگیریی ئەم جۆرە پێڤاژۆیانە چالاکیی بنوێنن.

---

[44] Superiority.
[45] Inferiority.
[46] Male-Dominated
[47] Condone.

١٨. سەرەڕای ئەمەش، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردە زیانبەخشەکان، تێکڕای ژمارەی ژنان و کچانی تووشبوو بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە و لەوانەیە زۆرتریش هەڵبکشێ، بۆ نموونە، لە ڕەوشی ململانێ و لە ئەنجامی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، وەک بەکارهێنانی بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە ڕێی پشکنینی ڕاپۆرتی دەوڵەتانی ئەندامەوە، کۆمیتەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە زۆر جار بەردەوامیی کردە زیانبەخشەکان، لەلایەن ئەندامی ئەو جڤاتە کارپێکەرانەی وا لە ڕێی کۆچکردنەوە یان بۆ داوای پەنابەریی ڕوویان لە وڵاتانی سەرکۆچ کردووە، درێژەی هەیە. ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتیی و بیروباوەڕە کەلتوورییانەی وا پشتگیریی لەم چەشنە کردە زیانبەخشانە دەکەن، درێژەپێدەر و لە هەندێک کاتدا لەلایەن جڤاتێکەوە گرنگییان پێ دەدرێت، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی شووناسی کەلتووریی لە ژینگەیەکی نوێدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی سەرکۆچدا، کە ڕۆڵەکانی جێندەر ئازادییەکی کەسیی زیاتر بە ژنان و کچان دەبەخشێت.

## ا. خەتەنەکردنی ئەندامی زاوزێی مێینە

١٩. 'پەلکردنی ئەندامی زاوزێی مێینە'،[48] 'خەتەنەکردن'[49]ـی مێینە یان بڕینی ئەندامی زاوزێی مێینە، بریتییە لە کردەی لابردنی بەشـــەکی یـان تێکڕای ئەنـدامی زاوزێیی دەرەوەی مێینە، یـان بە شـــێوەیەکی تر، برینـدارکردنی ئەنـدامەکانی زاوزێی مێینە بە هۆکاری نـاپزیشـــکیی یـان نـاتەنـدرووســـتیی. ئەم کردەیە، لە چوارچێوەی ڕاســـپاردەی گشـــتیی هاوبەشـی ئێسـتادا، بە خەتەنەکردنی مێینە ناو دەبرێت. خەتەنەکردنی مێینە لە هەموو هەرێمێکدا ئەنجام دەدرێت، لە چوارچێوەی هەندێک کەلتووردا، خەتەنەکردن، مەرجێکە بۆ هاوسەرگریی، جا باوەڕیان وایە شـــێوازێکی کاریگەرە بۆ دەســـتبەســـەرداگرتنی ڕەگەزێتیی ژنان و کچان. لەوانەیە لـێکەوتەی هەمەجـۆری دەســـتـبەجێ/یـان درێـژخـایەنـی تەنـدرووســـتیی هەبێت، لەوانە ئازاری توند، 'ســـاکان'،[50] هەوکردن و گرفـت لە کاتی منـداڵبوونـدا (کاریگەریی لە ســـەر دایـک و منـداڵەکە دەبێت)، کێشـەی درێژخایەنی نەخۆشـیی ژنان، وەک ناسـۆر، کاریگەرییە دەروونییەکان و مەرگیی. ڕێکخراوی تەندرووســتیی جیهانیی و ســندووقی

---

[48] Female Genital Mutilation.
[49] Circumcision.
[50] Shock.

منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان مەزەندە دەکەن؛ لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٤٠ ملیۆن کچ و ژن لە سەرانسەری جیهاندا، تووشی جۆرێک لە شێوەکانی خەتەنەکردنی مێینە بووبێتنەوە.

## ب. هاوسەرگریی پێشوەخت یان زۆرەملێ

٢٠. هاوسەرگریی منداڵان، بە 'هاوسەرگریی پێشوەختە'[51]ش ناو دەبرێت، ئەو هاوسەرگرییە دەگرێتەوە وا لانیکەم یەکێک لە لایەنەکان تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت. زۆرینەی هاوسەرگریی منداڵ، هەردوو شێوەی فەرمیی و نافەرمیی کچان دەگرێتەوە، هەرچەندە لە هەندێک کاتدا هاوسەرەکانیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییەوەیە. هاوسەرگریی منداڵ بە شێوەیەک لە هاوسەرگریی زۆرەملێ دادەنرێت، بەو پێیەی یەکێک یان هەردوو لایەن، ڕەزامەندیی تەواوەتیی و ئازاد و ئاگادارانەیان دەرنەبڕیوە. ئەمەش وەک ڕێزگرتن لە توانستە پەرەسەندووەکانی منداڵ و سەربەخۆیی بڕیاردان، جا ئەمەش باندۆر دەخاتە سەر ژیانی، دەکرێت لە بارودۆخی ئاوارتەدا ڕێ بە هاوسەرگریی ئەو منداڵە پێگەیشتوو و خاوەنتوانستانە بدرێت وا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییەوەیە. بە مەرجێک لانیکەم منداڵەکە تەمەنی ١٦ ساڵ بێت و ئەو بڕیارانە لەلایەن دادوەرێکەوە و بەپێی ئەو بنەما ڕەوایەی وا یاسا

---

[51] Early Marriage.

پێناسەی کردووە و بەپێی بەڵگەی پێگەیشتوویتی و هەروەها بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەلتوور و نەریت، دەدرێت.

٢١. لە هەندێک بارودۆخدا، منداڵان زۆر بە گەنجی دەزگیران دەگرن یان هاوسەرگریی دەکەن و لە زۆر باردا کچانی گەنج ناچار دەکرێن شوو بە پیاوێک بکەن کە ڕەنگە چەند دەیەیەک لە خۆی گەورەتر بێت. لە ساڵی ٢٠١٢دا، سندووقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕاپۆڕتێکدا ڕایگەیاند، نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن ژن، کە ئێستا تەمەنیان نێوان ٢٠ بۆ ٤٩ ساڵییدا لە سەرانسەری جیهان پێش گەیشتن بە ١٨ ساڵی هاوسەرگرییان کردووە یان چوونەتە ناو هاوژینییەوە.[ix] بەم شێوەیە، کۆمیتەکان گرنگییەکی تایبەتیان بەو دۆخانە داوە وا کچان بەبێ 'ڕەزامەندیی تەواوەتی و ئازاد و ئاگادارانە'،[٥٢] هاوسەرگرییان کردووە، وەک ئەو کاتانەی وا زۆر بە گەنجیی هاوسەرگرییان کردووە، ئەمە بەر لەوەی لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەی ژیانی پێگەیشتوویی بن یان بڕیاری هۆشیار و ئاگادارانە بدەن، بەم پێیە، ئامادە نین ڕەزامەندیی لە سەر هاوسەرگریی بدەن. نموونەی دیکە بریتین لەو دۆخانەی وا سەرپەرشتیاران دەسەڵاتی یاساییان هەیە بۆ ڕەزامەندیدان لە سەر هاوسەرگریی

[52] Full, Free, and Informed Consent.

کچان بەپێی 'یاسای نەریتیی'[53] و 'یاسای نووسراو'،[54] لێرەدا کچان بەم شێوەیەی سەرێ هاوسەرگریی دەکەن و پێچەوانەی مافی ئازادانەی هاوسەرگرییە.

٢٢. زۆر جار هاوسەرگریی منداڵیی، دووگیانیی و منداڵبوونی زووی بەدوادا دێت، لە ئەنجامدا، تێکڕای ڕێژەی نەخۆشیی و مردنی دایکان بەراورد بە دۆخی ئاسایی زیاتر دەبێت. مەرگ بەهۆی دووگیانیی، هۆکاری سەرەکیی مردنی ئەو کچانەیە وا تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ١٩ساڵییدایە، جا چ هاوسەرگرییان کردبێت یان نەکردبێت، لە سەرانسەری جیهاندا. مردنی کۆرپە لە نێوان منداڵانی دایکانی گەنجدا بەراورد بە منداڵانی دایکانی بەتەمەن، بەرزە (هەندێک جار دوو هێندە زیاترە). لە باری هاوسەرگریی پێشوەختە یان زۆرەملێدا، بە تایبەتیی کاتێک مێردەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژنەکە گەورەترە، هەروەها کاتێک کچان خوێندنیان سنووردارە، بە گشتیی کچان دەسەڵاتی بڕیاردانیان بۆ ژیانی خۆیان سنووردارە. هەروەها هاوسەرگریی پێشوەختە هۆکارێکی تری هەڵکشانی ڕێژەی وازهێنانە لە خوێندن، بە تایبەت لە نێوان کچان، لەگەڵ 'دوورخستنەوەی زۆرەملێ لە

[53] Customary Law.
[54] Statutory Law.

خوێندگە'[٥٥] و زیادبوونی مەترسـیی توندوتیژیی خێزانیی و وەرگرتنی 'مافی ئازادیی هاتوچۆ سنووردار'[٥٦] دەكات.

٢٣. هاوسـەرگریی زۆرەملێ ئەو هاوسـەرگرییانەن، یەكێك یان هەردوو لایەن بە شـێوەیەكی تایبەت ڕەزامەندیی تەواو و ئازادانەی خۆیان بۆ یەكێتیی هاوسەرگریی دەرنەبڕیوە. ڕەنگە ئەم هاوسەرگرییانە بە شـێوەی هەمەجۆر دەربكەون، لەوانە؛ هاوسـەرگریی پێشـوەختە، وەك لە سـەرەوە ئاماژەی پێ كرا، 'ژنبەژن'[٥٧] یان 'خوێنبایی'،[٥٨] 'شـیربایی'[٥٩] و 'مارەكردنەوەی براژن'[٦٠] (ناچاركردنی بێوەژنێك بۆ هاوسـەرگریی لەگەڵ خزمێكی مێردە مردووەكەی). لە هەندێك بارودۆخدا، لەوانەیە هاوسـەرگریی زۆرەملێ كاتێك ڕوو بدات، كە لاقەكەر ڕێگەی پێ بدرێت لە سـزا تاوانكارییەكان ڕزگاری بێت، ئەمەش لە ڕێی 'مارەكردنەوەی قووربانیی'[٦١]ـیەوە، جا زۆر جار بە ڕەزامەندیی خێزانەكەی. ڕەنگە هاوسـەرگریی زۆرەملێ لە چوارچێوەی كۆچكردندا ڕوو بدات، ئەمەش بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی كچێك لە نێو جڤاتە

[55] Forced Exclusion from School.
[56] Right to Freedom of Movement.
[57] Exchange Marriage.
[58] Trade-off Marriages.
[59] Servile Marriages.
[60] Levirate Marriages.
[61] Marrying the Victim.

ڕەســەنەکەی خێزانەکەیدا هـاوســەرگریی دەکات یـان بەڵگەنـامەی درێژرکراوە بۆ ئەندامانی خێزانەکە یان کەســانی دیکە دابین بکرێت تا کۆچ بۆ وڵاتێکی دیاریکراو بکات/یان ژیان لە وڵاتێکی سەرکۆچ. هەروەها، گرووپە چەکدارەکان، لە ماوەی ناکۆکییەکاندا، هاوســەرگریی زۆرەملێ زیاتر بەکار دەهێنن، یان لەوانەیە ببێتە ئامڕازێک تا کچێک لە هەژاریی پاش جەنگ ڕزگاری بێت.[x] هەروەها دەکرێت هاوســەرگریی زۆرەملێ بەو هاوســەرگرییە پێناســە بکرێت وا ڕێ بە یەکێک لە لایەنەکان نادرێت کۆتـایی بە هـاوســەرگرییەکە بهێنێـت یـان جێی بهێڵێـت. زۆر جـار هاوسەرگریی زۆرەملێ دەبێتە هۆی ئەوەی کچان سەربەخۆیی کەسەکیی و ئابووریيان نەبێت و هەوڵی هەڵاتن و 'خۆســووتاندن'[٦٢] و 'خۆکوژیی'[٦٣] بدەن، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگریی لە هاوســەرگرییەکە بکەن یان لێی ڕا بکەن.

٢٤. 'پێدانی مارەیی'[٦٤] و 'نرخی بووک'[٦٥]، کە لە نێوان جڤاتەکاندا جیـاوازە، ڕەنگە لاوازیی ژنـان و کچـان بەرانبەر تونـدوتیژیی و کـارە زیـانبەخشــەکانی دی زیـاد بکـات. ڕەنگە مێردەکە یـان ئەنـدامـانی

---

62 Self-immolation.
63 Suicide.
64 Payment of Dowry.
65 Bride price.

خێزانەکەی لە کردەوەی توندوتیژیی جەستەیی یان دەروونیی بگلێن، لەوانە کوشتن و سووتاندن و 'تێزابپێداکردن'،[66] ئەمەش بەهۆی جێبەجێنەکردنی چاوەڕوانییەکان سەبارەت بە پێدانی مارەیی یان بڕەکەی. لە هەندێک باردا خێزانەکان بۆ دەستکەوتێکی دارایی ڕەزامەندی بەرانبەر 'هاوسەرگریی کاتیی'[67] کچەکانیان دەردەبڕن، جا ئەم چەشنە مامەڵەیە بە هاوسەرگریی گرێبەستیش ناو دەبرێت، ئەمەش شێوەیەکە لە 'بازرگانیی بە مرۆڤەوە'.[68] دەوڵەتانی ئەندامی پرۆتۆکۆڵی زیادکراوی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ سەبارەت بە فرۆشتنی منداڵان، 'لەشفرۆشیی منداڵان'[69] و 'پۆڕنۆگرافیای منداڵ'[70] پابەندیی ئاشکرایان هەیە، ئەمەش پەیوەند بە هاوسەرگریی پێشوەختە یان زۆرەملێ، کە پێدانی مارەیی یان نرخی بووک دەگرێتەوە، چونکە وەک لە ماددەی ٢ (ا)ی پرۆتۆکۆڵەکە پێناسە کراوە، دەکرێت ئەمە فرۆشتنی منداڵانی لێ بکەوێتەوە.[xi] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی ژنان چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە، کە ڕێگەدان بە ڕێکخستنی هاوسەرگریی، لە ڕێی پارەدان یان پلەبەرزکردنەوەوە پێشێلکردنی مافی

[66] Acid Attacks.
[67] Temporary Marriage.
[68] Human Trafficking.
[69] Child Prostitution.
[70] Child Pornography.

هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەرە و لە ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٩ی خۆیدا دارشتەی ئەوەی کردووە، کە نابێت ئەو جۆرە کردەیە بۆ هاوسەرگرییەک کارپێکراو بێت، هەروەها دەبێت دەوڵەتێکی ئەندام ئەو چەشنە ڕێکەوتنانە بە شیاو دانەنێت.

## پ. فرەژنیی

٢٥. فرەژنیی پێچەوانەی کەرامەتی ژنان و کچانە و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە مرۆییەکانیانە، لەوانە یەکسانیی و پاراستن لە نێو خێزاندا. فرەژنیی لە سەرانسەر و ناو چوارچێوەی یاسایی و کۆمەڵایەتییدا جیاوازە و کاریگەرییەکانی بریتین لە زیانگەیاندن بە تەندرووستیی ژن، لەوانە جەستەیی، دەروونیی و ئاسوودەیی کۆمەڵایەتیی، زۆر جار ئەو زیان و بێبەشییە ماددییەی ژنان تووشی ئازار دەکەن، هاوڕێ لەگەڵ زیانی سۆزداریی و ماددیی منداڵان، لێکەوتەی سەختییان بۆ سەر خۆشگوزەرانییان دەبێت.

٢٦. لە کاتێکدا زۆرێک لە دەوڵەتانی ئەندام فرەژنییان ڕێبەند کردووە، بەڵام لە هەندێک وڵاتدا کردەیی بەردەوامی پێ دەدرێت، جا بە

شـێوەیەکی یاسـایی بێت یان نایاسـایی. هەرچەندە بە درێژایی مێژوو، سیسـتەمی خێزانی فرەژنیی لە هەندێک کۆمەڵگەی کشـتوکاڵییدا، وەک ڕێگەیەک بۆ دەسـتەبەرکردنی هێزی کاری زیاتر بۆ تاکەکانی خێزانەکان کارا بووە، بەڵام توێژینەوەکان دەریانخسـتووە، ڕاسـتییەکەی زۆر جار فرەژنیی دەبێتە هۆی هەڵکشـانی هەژاریی لە خێزانەکەدا، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

٢٧. ژنـان و کچـان خۆیـان لە یەکێتی دژی فرەژنییـدا دەبیننەوە، بەڵگاکان دەری دەخەن کچـان زۆر زیـاتر ئەگەری هـاوسـەرگریی یـان دەزگیرانییـان لەگەڵ پیاوانی زۆر بەتەمەنتر هەیە، ئەمەش مەترسـیی توندوتیژیی و پێشـێلکردنی مافەکانیان زیاد دەکات. زۆر جار بەیەکەوەیی یاسـای نووسـراو و ئایین، پێگەی کەسـیی و نەریتە باوەکان و کردەکان دەبنە هۆی مـانەوەی ئەم کردەیە، بەڵام لە هەنـدێـک لە دەوڵەتـانی ئەندامدا، فرەژنیی بەپێی 'یاسـای مەدەنیی'[٧١] ڕێگەپێدراوە. هەروەها، لە هەندێک کاتدا، بڕگە دەسـتوورییەکان و ئەو بڕگانەی وا مافی کەلتوور و ئایین دەپارێزن، بۆ پاساودانی ئەو یاسا و کردانە بەکار هێنراون وا ڕێ بە فرەژنیی دەدەن.

---

[71] Civil Law.

٢٨. دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، پابەندیی ئاشکرایان لە دڵساردکردنەوە و قەدەغەکردنی فرەژنیی هەیە، چونکە پێچەوانەی پەیماننامەکەیە.[xii] هەروەها کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان پێداگریی دەکات، کە فرەژنیی کاریگەرییەکی باڵکێشی لە سەر خۆشگوزەرانیی ئابووریی ژنان و منداڵەکانیان هەیە.[xiii]

## ت. ئەو تاوانانەی بە ناوی شەرەفەوە ئەنجام دەدرێن

٢٩. ئەو 'تاوانانەی بە ناوی شەرەف'[٧٢]ـەوە ئەنجام دەدرێن، بریتین لەو کردەوە توندوتیژییەی بە شێوەیەکی نابەرانبەرانە دژیی کچان و ژنان دەنوێنرێن، چونکە ئەندامانی خێزان پێیان وایە هەندێک هەڵسوکەوتی گوماناویی هەستپێکراو یان ڕاستەقینە، بێشەرەفیی بۆ خێزان و جڤات دەهێنێت. ئەم شێوە هەڵسوکەوتانە بریتین لە چوونە نێو پەیوەندیی پێش هاوسەرگریی، ڕەتکردنەوەی ڕازیبوون بە 'هاوسەرگریی ڕێکخراو'،[٧٣]

[72] So-called Honor Crimes.
[73] Arranged Marriage.

یان هاوسەرگریی بەبێ ڕەزامەندیی باوان، زیناکردن، داواکاریی بۆ جیابوونەوە، پۆشینی جلوبەرگ، بە شێوەیەک، جڤات پێی قەبووڵ نەکرێت، کارکردن لە دەرەوەی ماڵ یان بە گشتیی نەهاتنەوە لەگەڵ ئەرکە جێندەرییە باوەڕپاوەکان. هەروەها، دەکرێت تاوان بە ناوی شەرەفەوە بەرانبەر کچان و ژنان ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی بوونەتە قوربانیی توندوتیژیی ڕەگەزیی.

٣٠. ئەم جۆرە تاوانانە، لە ناویاندا کوشتن، زۆر کەڕەت هاوسەر و خزمێکی مێینە یان نێر یان ئەندامێکی جڤاتی قوربانیی ئەنجامی دەدات. لەبری ئەوەی وەک کردەوەی تاوانکاریی دژی ژنان سەیر بکرێن، زۆر جار ئەو تاوانانەی بە ناوی شەرەفەوە ئەنجام دەدرێن، جڤات، وەک ئامرازێک بۆ پاراستن یان گەڕاندنەوەی یەکپارچەیی ڕێساکانی کەلتووریی و نەریتیی و دابونەریتیی یان ئایینیی، دوای سەرپێچییە ناوزەدکراوەکان، دەسەپێنرێن. لە هەندێک چوارچێوەیدا، یاسای نیشتمانیی و ڕاپەڕاندنی کردەیی یاساکە و نەبوونی ئەو یاسایانە، ڕێگە دەدات بەرگریی لە شەرەف وەک بێتاوانیی یان 'دۆخی پاکانە'[٧٤] بۆ تاوانکارانی ئەو جۆرە تاوانانە بخرێتە ڕوو، لە ئەنجامدا ئەمە سزاکان

[74] Mitigating Circumstance.

کەم دەکاتەوە یان لە 'هەڵهاتن لە سزا'[75] دەیانپارێزێت. سەرەڕای ئەوە، ڕەنگە بەهۆی ئامادەنەبوونی ئەو کەسانەی زانیارییان لەمەڕ پەڕاوەکە هەیە تا بەڵگەی پشتڕاستکەرەوە پێشکەش بکەن، ڕێگری لە لێپێچینەوەی پەڕاوەکان بکرێت.

[75] Impunity.

## حەوتەم: چوارچێوەی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی کردە زیانبەخشەکان

٣١. هەردوو پەیماننامەکە ئاماژەی تایبەت بە نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان دەگرنەوە. دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەی نەهێشتنی شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، پابەندن بە نەخشەدانان و پەسەندکردنی یاسادانان و ڕێسا و ڕێوشوێنی گونجاو، هەروەها دڵنیایی دەدەن لە جێبەجێکردن و بەدەمەوەچوونی کاریگەرانە بەرانبەر بەربەست و کۆسپ و بەرەنگاریی تایبەت بۆ نەهێشتنی ئەو جیاکارییانەی وا کردەی زیانبەخش و توندوتیژی دژی ژنانی لێ دەکەوێتەوە (ماددەی ٢ و ٣). بەڵام پێویستە دەوڵەتانی ئەندام بتوانن پەیوەندیی و گونجاویی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێوشوێنانە نیشان بدەن وا گیراونەتە بەر، پێش هەموو شتێک دڵنیا بن کە مافەکانی ژنان پێشێل ناکرێن، هەروەها نیشانی بدەن داخۆ ئەو چەشنە ڕێوشوێنانە کاریگەریی و ئەنجامی خوازراو بەدەست دەهێنن یان نا. هەروەها، پابەندیی دەوڵەتانی ئەندام بۆ پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە ڕێسا ئامانجدارانە، سرووشتێکی دەستبەجێی هەیە و دەوڵەتانی ئەندام ناتوانن بە هیچ بنەمایەک، لەوانەش بنەمای کەلتووریی و ئایینی، پاساو بۆ هەر دواکەوتنێکی پەیڕەوکردنەکانیان بهێننەوە. هەروەها

دەوڵەتانی ئەندام پابەندی گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە گونجاوەکانن، لەوانەش؛ ڕێوشوێنی تایبەتی کاتیی (ماددەی ٤ '١')[xiv] بۆ دەستکاریی شێوازە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی ڕەفتاری ژن و پیاو، ئەمەش بە ئامانجی نەهێشتنی دەمارگرژیی و دابونەریت و هەموو ئەو کردانەی تر وا لە سەر بنەمای بیرۆکەی خۆبەکەمزانیی یان باڵادەستیی هەریەک لە ڕەگەزەکان یان لە سەر ڕۆڵی باوەڕپاویی بۆ ژن و پیاو (ماددەی ٥ 'ا') هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە دەستگیرانداریی و هاوسەرگریی منداڵێک هیچ ئاکامێکی یاسایی نییە (ماددەی ١٦ '٢').

٣٢. لە لایەکی ترەوە، پەیماننامەی مافەکانی منداڵ دەوڵەتانی ئەندام پابەند دەکات تا گشت ڕێوشوێنە کاریگەر و گونجاوەکان بگرنە بەر، ئەمەش بە ئامانجی 'هەڵوەشاندنەوە'[٧٦]ی ئەو کردە نەریتییانەی وا زیان بە تەندرووستیی منداڵان دەگەیەنن (ماددەی ٢٤ '٣'). جگە لەوەش، پاراستنی مافی منداڵەکە لە سەرپاکی شێوەکانی توندوتیژیی دەستەبەر دەکات، لەوانەش، توندوتیژیی جەستەیی و ڕەگەزیی و دەروونیی (مادەی ١٩)، هەروەها داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکات تا دڵنیایی بدەن هیچ منداڵێک تووشی ئەشکەنجەدان یان مامەڵە و سزای دڕندانە و نامرۆڤانە و سووکایەتیی تر نەبێتەوە (ماددەی ٣٧ 'ا').

---

[76] Abolishing.

چوار بنەمای گشـــتیی پەیماننامەکە بۆ پرســی کردە زیانبەخشـــەکان وەگەڕ دەخـا، ئەوانـیـش پـاراســـتن لە جـیـاکـاریـی (مـاددەی ٢)، دەســتەبەرکردنی باشـترینی بەرژەوەندییەکانی منداڵ (ماددەی ٣ '١')،[xv] بەرزڕاگرتنی مافی ژیان، مانەوە و گەشــەســەندن (ماددەی ٦) و مافی گوێگرتن لە منداڵ (ماددەی ١٢).

٣٣. لە هەردوو بارەکەدا، پێشگریی و نەهێشتنی کاریگەرانەی کردە زیانبەخشــەکان، پێویســتی بە دامەزراندنی 'نەخشــەداڕێژیی'[٧٧]ــــەکی گشـــتگیر و ڕوونە، جا بەپێی بنەمای ماف و پەیوەندیداریی ناوخۆیی، ئەمەش ڕێوشـــوێنی پاڵپشـــتیی یاســـایی و ڕێســـایی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش: [xvi]ڕێوشـــوێنی کۆمەڵایەتیی، کە پێکەوە لەگەڵ پابەندیی و بەرپرســـیارێتیی ســـیاســـیی هـاوتـا لە ســـەر هەموو ئـاســـتێک. ئەو پابەندییانەی لە پەیماننامەکاندا هاتوون، بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی نەخشـەداڕێژیی گشتگیر بۆ نەهێشتنی کردە زیانبەخشـەکان دەستەبەر دەکەن، پێکهاتەکانیشی لێرەدا هاتوون.

٣٤. پێویسـتە ئەم چەشـنە نەخشـەداڕێژییە گشـتگیرە بە شـێوەی سـتوونیی و ئاسـۆیی تێکەڵـــی ناو ڕەوتی باو بکرێت، جا لەگەڵ هەوڵە

---

[77] Strategy.

نیشتمانییەکان هەماهەنگ بکرێت، ئەمەش بۆ پێشگیریی و چارەسەری هەموو شـێوەکانی کردە زیـانبەخشـەکان. هەمـاهەنگیی ئـاسـۆیی، ڕێکخستنی هەموو کەرتەکانی گەرەک، لەوانە پەروەردە، تەندرووستیی، دادپەروەریی، خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی، جێبەجێکردنی یـاسـا، کۆچبەریی و پەنـابەریی و پەیوەنـدیگرتنەکان و ڕاگەیـانـدن. بە هەمـان شـێوە، هەماهەنگیی سـتوونیی پێویسـتی بە ڕێکخسـتنی ڕۆڵگێڕەکانە، ئەمەش لە سـەر ئاسـتی ناوخۆیی و هەرێمیی و نیشـتمانیی و دەسـەڵاتە نەریتیی و ئـایینییەکـان. بۆ ئـاسـانکـاریی پێڤـاژۆکە، پێویسـتە بەتەنگەوەچوونی کارەکە ڕادەستی نوێنەرایەتیی بەرپرسیاری دامەزراوەی بـاڵای ئـامـادە یـان تـایبەت بکرێـت، ئەمەش بە هەمـاهەنگیی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣٥. بێگومـان جێبەجێکردنی هەر نەخشـەداڕێژییەکی گشـتگیر پێویسـتی بە سـەرچـاوەی ڕێکخراوەیی و مرۆیی و تەکنیکیی و دارایی گونجاو دەبێت، جا بە ڕێوشـوێن و ئامڕازی گونجاو بەگەڕ بخرێن، وەک بڕیار و ڕێسـا و نەخشـە و بودجە. سـەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتانی ئەندام پـابەنـدیی ڕێکخسـتەیەکی چـاودێریی سـەربەخۆ و جێگیر مسـۆگەر دەکەن، هەروەها بۆ بەدواداچوونی پێشـکەوتنەکان تا ژنان و منداڵان لە کردە زیانبەخشەکان بپارێزێت و مافەکانیان وەدی بێنێت.

٣٦. هەروەها پێویستە ئەم نەخشەدارێژییانەی وا ئامانجیان نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکانە، کۆمەڵێک لایەنی تری پەیوەندیدار بەشدار پێ بکات، لەوانە دامەزراوە نیشتمانییە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ، پیشەگەریی تەندرووستیی، پەروەردە و جێبەجێکردنی یاسا، ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ئەوانەی لە کردەکە گلاون.

## ا. کۆکردنەوەی زانیاریی و چاودێریی

٣٧. کۆکردنەوە، شیکردنەوە، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ناوبەناو و گشتگیری زانیاریی چەندایەتیی و چۆنایەتیی زۆر گرنگن، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە ڕێسای کاریگەر و پەرەپێدانی نەخشەدارێژیی گونجاو و دارشتنی کردارەکان. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان، چاودێریی دادگاییە بەدەستهاتووەکان بەرەو نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان و دەستنیشانکردنی سەرهەڵدانەوە و سەرهەڵدانی کردە زیانبەخشەکان. بەردەستبوونی زانیارییەکان لە نێوان ڕێساکە و جێبەجێکردنی بەرنامەکە ڕێ بە پشکنینی ڕەوتەکان و دامەزراندنی پەیوەندییە گرێدراوەکان دەدات، ئەمانەش بۆ ڕۆڵگێڕە دەوڵەتیی و نادەوڵەتییەکان

گرنگن، لەپێناو گۆڕانکارییە هاوبەشەکان لە هەڵوێست، شێوەکانی ڕەفتار و کردە و ڕێژەی تەشەنەسەندوویان. زانیارییەکان بەپێی ڕەگەز، تەمەن، شوێنی جوگرافیی، باری ئابووریی‌کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن و هۆکارە سەرەکییەکانی دی، هەڵاوێراون، ئەمەش بۆ دیاریکردنی گرووپە مەترسیدار و بێبەشەکانی ژنان و منداڵان گرنگە، چونکە ڕێنمایی داڕشتنی ڕێسا و کردەوە بۆ چارەسەری کردە زیانبەخشەکان دەکات.

٣٨. سەرەڕای ئەم جۆرە دانپێدانانە، زانیارییە هەڵاوێراوەکان لە سەر کردە زیانبەخشەکان سنووردار دەمێننەوە و بە دەگمەن بەپێی وڵات و بە تێپەڕبوونی کات بەراورد دەکرێن، لە ئەنجامدا تێگەیشتنێکی سنووردار لە ڕادە و پەرەسەندنی کێشەکە و دەستنیشانکردنی ڕێوشوێنە گونجاو و ئامانجدارەکان، درووست دەکات.

٣٩. کۆمیتەکان ڕاسپاردە پێشکەش بە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان دەکەن، کە:

(ا) ئەرکی کۆکردنەوە و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی بەردەوامی زانیارییە چەندایەتیی و چۆنایەتییەکانە سەبارەت بە کردە زیانبەخشەکان، ئەمەش بەپێی جێندەر و تەمەن و شوێنی جوگرافیی و باری ئابووریی‌کۆمەڵایەتیی، ئاستی خوێندن و هۆکارە سەرەکییەکانی تر

و دڵنیابوون لە دابینکردنی سەرچاوەی گونجاو بۆ ئەو جۆرە چالاکییانە، پۆلین بکەن. پێویستە سیستەمی کۆکردنەوەی زانیاریی ناوبەناو لە کەرتەکانی چاودێریی تەندرووستیی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە و دادوەریی و جێبەجێکردنی یاسا سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە پاراستن دابنرێت.

(ب) لەوانەیە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێی بەکارهێنانی ڕووپێویی و سەرژمێرییە نیشتمانییە دیمۆگرافیی و ئاماژەکەرەکان، بە زانیارییەکانی نوێنەرایەتیی نیشتمانیی ڕووپێویی خێزان تەواو بکرێن. پێویستە توێژینەوەی چۆنایەتیی لە ڕێی گفتوگۆی دەستەی ناوەند و چاوپێکەوتنی پڕوردەکاریی زانیاریدەریی سەرەکیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە هەمەجۆرەکان، تێبینییە بوونیادییەکان، نەخشەسازیی کۆمەڵایەتیی و میتۆدۆلۆژیایی گونجاوی ترەوە ئەنجام بدرێت.

## ب. یاسا و جێبەجێکردن

٤٠. شـــاتوخمی هەر نەخشـــەدارێژییەکی گشـــتگیر، بریتییە لە پەرەپێدان و جێبەجێکردن و چاودێریی یاســـادانانی پەیوەندیدار. هەر دەوڵەتێکی ئەنـدام لە ژێر پـابەنـدیی[xvii] ڕاگەیـانـدنی پەیـامێکی ڕوونی ئیدانەکردنی کردە زیانبەخشـەکاندا بوو، ئەوا پاراســتنی یاســایی بۆ قوربانییـان دابین بکـات، وا بکـات ڕۆڵگێڕە دەوڵەتیی و نـادەوڵەتییەکـان بتـوانـن ئەو ژن و مـنـداڵانەی مەتـرســیـیـان لە ســەرە، بـپـارێزن، بەدەمەوەچـوون و گـرنـگـیـپـێـدانـی گـونـجـاو پـێشــکەش بـکەن و بەردەسـتبوونی 'چاککردنەوە'[٧٨] مسـۆگەر بکەن و کۆتایی بە هەڵاتن لە سزا بدەن.

٤١. یـاســـا بە تەنیـا بۆ بەرەنگـاربوونەوەی کـاریگەرانەی کردە زیـانبەخشـــەکـان بەس نییە. بۆیە دەبێـت بەپێی پێـداویســـتییەکـانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی، یاسا بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گشتگیر تەواو بکرێـت، ئەمەش بۆ ئـاســـانکـاریی ڕاپەڕانـدن و جێبەجێکـردن و

---

[78] Redress.

بەدواداچوون و چاودێریی و هەڵسەنگاندنی ئەنجامە بەدەستهێنراوەکان.

٤٢. بە پێچەوانەی پابەندییەکانی هەردوو پەیماننامەکە، زۆرێک لە دەوڵەتانی ئەندام، پابەندی ئەو بڕگە یاساییە ناوخۆییانەن وا ڕەوایەتیی و ڕێگە بە کردە زیانبەخشەکان دەدەن یاخود دەبنە هۆی کارپێکردنیان، وەک ئەو یاسایەی ڕێ بە هاوسەرگریی پێشوەختە، بەرگریی لە شەرەف، وەک دۆخێکی پاکانە یان سووککردنی سزا بۆ تاوانی دژی کچان و ژنان دابین دەکات، یان ڕێ بە تاوانی لاقەکردن یان تاوانی ڕەگەزیی تر دەدات، تا بە هاوسەرگریی لەگەڵ قوربانییەکە خۆی لە سزا دوور بگرێت.

٤٣. ڕەنگە لەم دەوڵەتە ئەندامانەی سیستەمی یاسایی فرەییان هەیە، تەنانەت لەو شوێنانەی وا یاساکان بە ئاشکرا کردە زیانبەخشەکان ڕیبەند دەکەن، ڕیبەندکردن بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ نەکرێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە دابونەریت و یاسا نەریتیی و ئایینیەکان، پشتگیریی لەو کردانە بکەن.

٤٤. نابێت هەڵاواردن و بێتوانستیی بۆ چارەسەری مافی ژنان و منداڵان، لای دادوەرانی دادگا نەریتیی و ئایینییەکان یان شێوازەکانی

نێوبژیوانیی نەریتیی و ئەو باوەڕەی پێی وایە ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەو جۆرە سیستەمە دابونەریتییانە، پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی دەوڵەت و دەزگا دادوەرییەکانی تری بۆ بکرێت، جا ببێتە هۆی سنووردارکردنی بۆ ڕێگریی و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەریی قوربانییانی کردە زیانبەخشەکان.

٤٥. بە بەشداریی تەواو و گشتگیرانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕەشنووسی یاسا دژی کردە زیانبەخشەکان، دڵنیایی دەدات کە نیگەرانییە سەرەتاییەکانی کردەکان بە وردیی دەستنیشان و چارەسەر دەکرێن. پەیوەندیی و ڕاوێژی یاسایی و وەرگرتنی یارمەتیی لە جڤاتە کردەییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، گرنگیی زۆریان بۆ ئەم پێشاژۆیە هەیە. پێویستە ئەو هەڵوێست و ڕێسا کۆمەڵایەتییە باوانەی وا پشتگیریی لە کردە زیانبەخشەکان دەکەن، هەوڵەکان بۆ دەرکردن و ڕاپەڕاندنی یاسا لاواز نەکەن.

٤٦. زۆرێک لە دەوڵەتانی ئەندام هەنگاویان بۆ 'حکومەتی خۆجێ'[٧٩] هەڵهێناوە، ئەمەش لە ڕێی پێسپاردنی دەسەڵات و نوێنەرایەتییەوە، بەڵام ئەمە نابێت پابەندیی دەرکردنی یاسا کەم و پووچەڵ بکاتەوە،

---

[79] Decentralized Government.

چونکە ئەمە ئەو کردە زیانبەخشانە قەدەغە دەکات وا لە سەرانسەری دەسەڵاتی دادوەرییدا کارپێکراون. دەبێت ڕێوشوێنی پاراستن دابنرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆجێیەتیی یان پێسپاردنی دەسەڵات نەبێتە هۆی جیاکاریی لە پاراستنی ژنان و منداڵان بەرانبەر کردە زیانبەخشەکانی هەرێمە جیاوازەکان و دەڤەرە کەلتوورییەکان. پێویستە دەسەڵاتە پێسپێردراوەکان بە سەرچاوەی مرۆیی و دارایی و تەکنیکیی و سەرچاوەی تر تەیار بکرێن، ئەمانەش بۆ ڕاپەڕاندنی کاریگەرانەی یاسا پێویستن، جا ئامانجیان نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکانە.

٤٧. ڕەنگە ئەو گرووپە کەلتوورییانەی سەرقاڵی کردە زیانبەخشەکانن، لە سەرانسەری سنوورە نیشتمانییەکاندا بەشداریی بڵاوکردنەوەی ئەو چەشنە کردانە بکەن. پێویستە ئەو کاتەی ئەمە ڕوو دەدات، ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەکە بگیرێتە بەر.

٤٨. 'دامەزراوە نیشتمانییەکانی مافی مرۆڤ'[٨٠] ڕۆڵێکی سەرەکییان لە برەودان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، لەوانە مافی تاکەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە کردە زیانبەخشەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتیی لەو مافانە.

[80] National Human Rights Institutions.

٤٩. ئەو کەسانەی خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ژنان و منداڵان دەکەن، بە تایبەت کارمەندانی پزیشکیی و مامۆستایان، لە شوێنێکی ناوازەدان بۆ ناسینەوەی قوربانییە ڕاستەقینەکان یان ئەوانەی ئەگەری بوون بە قوربانیی کردە زیانبەخشەکانیان هەیە، بەڵام زۆر جار ئەوان پابەندی 'ڕێساکانی نهێنیپارێزیی'ن،[81] ڕەنگە ئەمەش لەگەڵ پابەندبوونیان بۆ ڕاپۆرتکردنی ڕووداوی ڕاستەقینەی کردەیەکی زیانبەخش یان ئەگەری ڕوودانی، ناکۆک بێتەوە. جا ئەمەش دەبێت بە ڕێسای تایبەت تێ پەڕێنرێت، ئەم یاسا تایبەتەش ناچاریان دەکات ئەم چەشنە ڕووداوانە ڕاپۆرت بکەن.

٥٠. لەو شوێنانەی وا پیشەگەرە پزیشکییەکان و کارمەندانی حکومەت و فەرمانبەرانی مەدەنیی لە کردە زیانبەخشەکاندا بەشدار و هاوبەشن، پێگە و بەرپرسیارێتیی ئەوان، لەوانەش ڕاپۆرتکردن، پێویستە وەک 'دۆخی سەختکەر'[82] لە دیاریکردنی سزای تاوانکاری یان سزای کارگێڕیی، وەک لەدەستدانی مۆڵەتی پیشەیی یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست، سەیر بکرێت، جا پێویستە پێش سزاکان

[81] Rules of Confidentiality.
[82] Aggravating Circumstances.

ئاگادارکردنەوە دەر بکرێت. لەم ڕووەوە، ڕاهێنانی ڕێکخراو بۆ پیشەگەرە پەیوەندیدارەکان، بە ڕێکارێکی پێشگیریی کاریگەر دادەنرێت.

٥١. دەبێت سزاکانی یاسای تاوانکاریی بەردەوام بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێن، کە بەشداریی پێشگیریی و نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکانن، هەروەها دەبێت دەوڵەتانی ئەندام ئەگەری هەڕەشە و کاریگەرییە نەرێنییەکان لە سەر قوربانییەکان ڕەچاو بکەن، لەوانەش کردەوەی 'تۆڵەسەندنەوە'.[٨٣]

٥٢. ڕەنگە 'قەرەبووکردنەوەی بە پارە'[٨٤] لەو ناوچانەی کردە زیانبەخشەکانی تا ئاستی باڵا تێدا بڵاوە، ڕێی تێنەچیت. بەڵام لە هەموو بارەکاندا، دەبێت ئەو ژن و منداڵانەی وا بەهۆی کردە زیانبەخشەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، دەستیان بە 'چارەسەری یاسایی'[٨٥] و خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانیی، هەروەها 'چاکسازیی'[٨٦] قوربانییەکان و دەرفەتی کۆمەڵایەتیی و ئابووریدا ڕابگات.

---

83 Retaliation.
84 Monetary Compensation.
85 Legal Remedies.
86 Rehabilitation.

٥٣. پێویســـتە هەمیشـــە باشـــترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ و پاراستنی مافی کچان و ژنان ڕەچاو بکرێت، هەروەها مەرجی پێویست لە شـــوێنی خۆیـدا دابنرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن دیدگای خۆیان دەرببڕن و دڵنیا بن کە بۆچوونەکانیان گرنگیی پێویســـتی پێ دەدرێت. هەروەها پێویســـتە بە وردیی ڕەچاوی کاریگەرییە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگریی پێشوەختە و زۆرەملێ بکرێت، هەروەها ڕەچاوی گەڕانەوەی پارەی مارەیی و نرخی بووک لە سەر منداڵان و ژنان بکرێت.

٥٤. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، بە تایبەت بەرپرسانی کۆچبەریی و پەنابەریی، ئاگادار بن، کە ڕەنگە ژنان و کچان لەبەر ئەوە لە زێدی خۆیان هەڵبێن، تا لە تووشـــبوون بە کردە زیانبەخشـــەکان بەدوور بن. پێویســـتە ئەو بەرپرســـانە ڕاهێنانی گونجاوی کەلتووریی و یاســـایی و 'هەستیاریی-جێندەریی'[87] وەربگرن، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین پێویستە چ هەنگاوێک بنرێت تا ئەو جۆرە ژن و کچانە بپارزین.

٥٥. کۆمیتەکان ڕاســـپاردە پێشـــکەش بە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان دەکەن تاوەکوو یاســـاکان پەســـەند و هەموار بکەن،

---

[87] Gender Sensitive.

ئەمەش لە ڕوانگەی چارەسەرکردنی کاریگەرانە و نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکانەوە. لەم کارەدا پێویستە دڵنیا بن لە:

(ا) پێشاژۆی ڕەشنووسی یاسا سەرپاک گشتگیر و بەشدارانە بێت. بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە داکۆکیی و هۆشیارکردنەوەی ئامانجدار ئەنجام بدەن و ڕێوشوێنی ئامادەکاریی کۆمەڵایەتیی و بەرزکرنەوەی ئاستی هۆشیاریی و پشتیوانیی گشتیی بۆ ڕەشنووس و پەسەندکردن و بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردنی یاساکان، بەکار بهێنن.

(ب) یاساکە تەواو لەگەڵ ئەو پابەندییە پەیوەندیدارانەدا وا لە پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان و پەیماننامەی مافەکانی منداڵ و ئەو پێودانگە نێودەوڵەتییانەی مافی مرۆڤ وا کردە زیانبەخشەکان ڕیبەند دەکەن، بگونجێت. یاساکەش لە پێشینەی ئەو یاسا دابونەریتیی، نەریتیی یان ئایینییەکاندا بێت، وا ڕێگە بە هەر کردەیەکی زیانبەخش دەدەن یان پەسەند و دیاری دەکەن، بە تایبەت لەو وڵاتانەی وا سیستەمی یاسایی فرەییان هەیە؛

(پ) بەبێ دواکەوتنی زیاتر 'پووچەڵکردنەوە'[88]ی هەموو ئەو یاسایانەی دەبنە هۆی ڕیگەپێدان و پەسەندکردنی کردە زیانبەخشەکان، لەوانە؛ یاسا نەریتیی و دابونەریتیی و ئایینییەکان و هەموو ئەو یاسایانەی وا بە

[88] Repeal.

پاساوی شەرەف دەنوێنرێن، لەگەڵ هۆیەکانی سووککردنی سزا لە پای تاوانی شەرەف.

(ت) یاسا تۆکمە و گشتگیر بێت و ڕێنمایی ورد سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی پێشگیریی و پاراستن و پشتگیریی و بەدواداچوون و هاوکاریی بۆ قوربانییان پێشکەش بکات، لەوانەش چاکبوونەوەی جەستەیی و دەروونیی و تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتیی، ئینجا بە بڕگەی یاسایی مەدەنیی و کارگێڕیی گونجاو تەواو دەکرێت.

(ج) یاساکە بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر فەراهەم دەکات، لەوانە، دابینکردنی بنەما بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەتی کاتیی، هۆکارە ڕیشەییەکانی کردە زیانبەخشەکان، بۆ نموونە؛ جیاکاریی بەپێی ڕەگەز و جێندەر و تەمەن و هۆکارە یەکتربڕەکانی تر، گرنگیی بە مافی مرۆڤ و پێداویستیی قوربانییان دەدات و بە تەواوەتیی بەرژەوەندیی منداڵان و ژنان ڕەچاو دەکات.

(چ) کەمترین تەمەنی یاسایی هاوسەرگریی بۆ کچان و کوڕان ١٨ ساڵ دیاریی بکرێت، جا ئەمە بە ڕەزامەندیی یان بێ 'ڕەزامەندیی باوان'[89].
کاتێک هاوسەرگریی لە تەمەنێکی زووتر و بارودۆخێکی نائاساییدا ڕێگەی بدرێتێ، نابێت کەمترین تەمەن، بە ڕەهایی لە خوار ١٦ ساڵییەوە بێت،

[89] Parental consent.

پێویستە بنەماکانی وەرگرتنی مۆڵەت ڕەوا بێت و بە توندیی بەپێی یاسا دیار بکرێت، جا هاوسەرگرییەکە تەنها لەلایەن دادگاوە ڕێگەی پێ بدرێت، ئەمەش لە سەر ڕەزامەندیی تەواو و ئازاد و ئاگادارانەی منداڵەکە یان هەردوو منداڵەکە، سا دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەردەم دادگا ئامادە بن.

(ح) مەرجێکی یاسایی تۆمارکردنی هاوسەرگریی دامەزرێت تا لە ڕێی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی و پەروەردە و بوونی ژێرخانی گونجاوەوە جێبەجێکردنی کاریگەر بۆ تۆمارکردنەکە دابین بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی تێکڕای ئەوانەی وا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەرییاندان، دەستیان پێیدا ڕا بگات.

(خ) سیستەمێکی نیشتمانیی دابمەزرێت، ئەمەش بۆ دەستڕاگەیشتن و ناچاریی تۆمارکردنی لەدایکبوون بە خۆڕایی، تا بەم پێودانگە بە شێوەیەکی کاریگەر پێشگیریی لە کردە زیانبەخشەکان بکرێت، بۆ نموونە؛ هاوسەرگریی پێشوەختە.

(د) دامەزراوە نیشتمانییەکانی مافی مرۆڤ، ئەرکی سەر شانیانە سکاڵا و داواکارییە تاکەکەسییەکان ڕەچاو بکەن و لێی بکۆڵنەوە، لەوانە ئەوانەی بە ناوی ژنان و منداڵانەوە یان ڕاستەوخۆ ژنان پێشکەشی دەکەن، بە

شێوەیەکی نهێنیپارێز و هەستیاریی-جێندەر و 'دڵسۆزیی بۆ منداڵان'[٩٠]، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

(ر) بەپێی یاسا ئەو پیشەگەر و دامەزراوانەی کار بۆ/لەگەڵ منداڵان و ژنان دەکەن، مەرجدار کراون تا ڕاپۆرتی ڕووداوە ڕاستەقینەکان یان مەترسییەکانی ئەو جۆرە ڕووداوانە، بدەن، ئەمە ئەگەر بنەمایەکی گونجاویان هەبێت بۆ باوەڕهێنان بەوەی کردەیەکی زیانبەخش ڕووی داوە یان لەوانەیە ڕوو بدات. دەبێت بەرپرسیارێتیی ڕاپۆرتکردنی پێویستکراو، پاراستنی نهێنیی و شاردنەوەی ئەو کەسانە مسۆگەر بکات کە ڕاپۆرت دەدەن؛

(ڕ) دەبێت هەموو دەستپێشخەرییەکان بۆ ڕەشنووس و هەمووارکردنەوەی یاسا تاوانکارییەکان، لەگەڵ ڕێوشوێنی پاراستن و خزمەتگوزاریی قوربانییان و ئەوانەی لە ژێر مەترسیی تووشبوونی کردەی زیانبەخشدان، کۆک بکرێن.

(ز) پێویستە ئەو یاسایانە لە تەواوی دەسەڵاتی دادوەریی و بەپێی سەرپێچیی کردە زیانبەخشەکان دامەزرێت، ئەمەش هاونیشتیمانییانی دەوڵەتی ئەندام و دانیشتووانی تریش دەگرێتەوە، تەنانەت گەر لە

90 Child-Friendly.

دەوڵەتێکی تریشدا ئەنجام بدرێن، کە کردەکانیان تێدا بە تاوان دانەنرابێت.

(ژ) دەبێت ئەو یاسا و ڕێسایانەی گرێدراوی کۆچبەریی و پەنابەریی'ن، مەترسییەکانی کردە زیانبەخشەکان یان چەوسانەوە لە ئاکامی ئەو جۆرە کارپێکردنانە، وەک زەمینەیەک بۆ پێدانی پەنابەریی بناسنەوە. هەروەها، پێویستە لە سەر بنەمای کەسەکیی ڕەچاوی پاراستنی کەسێکی بکرێت، کە ڕەنگە یاوەری کچەکە یان ژنەکە بێت.

(س) ئەو یاسایانە بڕگەی هەڵسەنگاندن و چاودێریی ناوبەناو لەخۆ بگرێت، لەوانە؛ جێبەجێکردن، ڕاپەڕاندن و بەدواداچوون.

(ش) ئەو ژن و منداڵانەی ڕووبەڕووی کردە زیانبەخشەکان دەبنەوە، بە یەکسانیی دەستیان بە دادپەروەریی بگات، لەوانە؛ چارەسەرکردنی بەربەستە یاسایی و کردارییەکان بۆ پێشڤەچوونی یاسایی، وەک ماوەی سنووردارێتیی، هەروەها لێپرسینەوە لە تاوانکاران و ئەوانەی وا یارمەتیی و پەسەندی ئەو کارانە دەکەن.

(ع) پێویستە ئەو یاسایانە بڕگەی پاراستن و گلدانەوە لەخۆ بگرن. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی ئەو کەسانەی مەترسیی کردە زیانبەخشەکانیان لە سەرە و سەلامەتیی و ڕێوشوێنی پاراستنی قوربانییەکان لە تۆڵە دابین دەکات.

(غ) قوربانییانی پێشێلکارییەکان بە شێوەیەکی یەکسانی کردەیی، دەستیان بە چارەسەری یاسایی و قەرەبووکردنەوەی گونجاودا ڕابگات.

## پ. پێشگیریی لە کردە زیانبەخشەکان

٥٦. یەکێک لە یەکەم هەنگاوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردە زیانبەخشەکان، لە ڕێی پێشگیرییەوەیە. هەردوو کۆمیتەکە پێداگرییان لەوە کردووەتەوە، کە دەتوانرێت پێشگیریی بە باشترین شێوە بێت، ئەمەش لە ڕێی 'ڕێبازی بنەمادار بە مافەکان'[91] بۆ گۆڕینی 'پێوەری کۆمەڵایەتیی'[92] و کەلتوورییەکان و بەهێزکردنی ژنان و کچان، هەروەها بنیاتنانی توانستی هەموو ئەو پیشەگەرانەی لە پەیوەندیی ناوبەناودان لەگەڵ قوربانییان یان ئەوانەی ئەگەری بوونە قوربانییان لێ دەکرێت، یان تاوانکارانی کردە زیانبەخشەکان لە هەموو ئاستەکاندا، هەروەها بەرزکردنەوەی هۆشیاریی هۆکار و دەرئەنجامی کردە زیانبەخشەکان، بۆ نموونە لە ڕێی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندییدارەکان.

---

[91] Rights-Based Approach.
[92] Cultural Norms.

**١. دامەزراندنی ڕێسا کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانی بنەمادار بە ماف**

٥٧. پێوەری کۆمەڵایەتیی هۆکاری بەشداریکەر و دیاریکەری کۆمەڵایەتییە بۆ هەندێک کردەی جڤاتێک، جا ڕەنگە ئەرێنیی بن و شووناس و هاوڕێکیی بەهێز بکەن، یان ڕەنگە نەرێنیی بن و زیانی لێ بکەوێتەوە. هەروەها ئەوە ئەو یاسا کۆمەڵایەتییەی ڕەفتارکردنە وا چاوەڕێ دەکرێت ئەندامانی جڤاتێک ڕەچاوی بکەن. ئەمەش کۆهەستیی پابەندبوون و چاوەڕوانیی کۆمەڵایەتیی درووست دەکات و دەهێڵێتەوە، بەم ئاوایە ڕەفتاری ئەندامانی جڤاتی پێ گۆش دەکات، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کەسەکییش لەگەڵ کردەکە هاوڕا نەبن. بۆ نموونە، لەو شوێنەی خەتەنەکردنی مێینە پێوەرێکی کۆمەڵایەتییە، باوان هان دەدرێن تا پێمل بن و لە سەر کچەکانیان ئەنجامی بدەن، لەبەر ئەوەی دەبینن باوانی تریش ئەو کارە دەکەن و پێیان وایە کەسانی دیکەش چاوەڕێی ئەوە لە ئەوانیش دەکەن تا هەمان شت بکەن. زۆر جار ئەم پێوەر و کردەیە لەلایەن ئەو ژنانەی ناو تۆڕە جڤاتییەکانەوە درێژەی پێ دەدرێت، وا پێشتر ڕێکارەکەیان بە سەر هاتووە و پەستانی زیاتر دەخەنە سەر ژنانی گەنج، ئەمەش بۆ ئەوەی شوێن کردەکە بکەون یان دەکەونە ژێر مەترسیی لاتەریکیی و دوورگیریی و ناوزڕاندن. ڕەنگە ئەم جۆرە

'پەراوێزخست'[93] نەک لەدەستدانی پشتیوانیی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گرنگ و جووڵەی کۆمەڵایەتیی. بە پێچەوانەوە، ئەگەر تاکەکان شوێن پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بکەون، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت پاداشت بدرێنەوە، بۆ نموونە؛ لە ڕێی گرتنەخۆ و ستایشکردنەوە. گۆڕینی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی زەمینەساز و پاساودەری کردە زیانبەخشەکانن، جا ئەو جۆرە چاوەڕوانییانە پێویستی بەوەیە ئاڵەنگاریی و ڕاستەوە بکرێن.

٥٨. پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە بەندن، واتە، ناتوانرێت بە جیا مامەڵە لەگەڵ کردە زیانبەخشەکان بکرێت، بەڵکوو دەبێت لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا، جا بەپێی بنەمای تێگەیشتنێکی گشتگیر لە چۆنێتیی پێکبەندیی کردەکان بە پێوەرە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان و کردەکانی تر؛ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەمەش پێویستیی گرتنەبەری ڕێبازێکی بنەمادار بە مافەکان، لە سەر هەمان بنەمای ئەوەی مافەکان جیانەکراوەن و پێکەوەبەندن؛ دەردەخات.

٥٩. ئەو ئاڵەنگارییە باڵکێشەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کردە زیانبەخشەکانە، وا دەنوێنێ ئەو کردە زیانبەخشانە بۆ قوربانییەکە و

93 Marginalization.

ئەندامانی خێزان و جڤات سوودبەخشن. لە ئەنجامدا بۆ گۆڕانکاریی ڕەفتاریی تاکەکەسیی ڕێبازەکان سنوورمەندن، لەبری ئەوە، پێویستە ڕێبازێکی بنکەفراوان و دەستەجەمیی گشتگیر، یان لە سەر بنەمای جڤات بگیردرێتە بەر. دەستێوەردانی ئەو هەستیارییە کولتوورییانەی کە مافەکانی مرۆڤ دەچەسپێنێت و وا لە جڤاتە کردەکان دەکات، تێکڕا لە ڕێگا شوێنگرەوەکان بگەڕێن و بۆ بەدیهێنانی بەها و شەرەف و شانازیی نەریتیی، ڕێک بکەون، ئەمەش بەبێ ئەوەی زیان بگەیەنن و پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان بکەن، دەکرێت ئەمانە ببنە هۆی نەهێشتن و سڕینەوەی ئاستبەرزیی کردە زیانبەخشەکان و پەسەندکردنی دەستەجەمیی ڕێسا کۆمەڵایەتییە تازەکان. دەکرێت دەرکەوتنی گشتیی پابەندبوونی دەستەجەمیی بە کردە شوێنگرەوەکان، یارمەتیدەری چەسپاندنی بەردەوامیی درێژخایەنیان بێت. لەم ڕووەوە، بەشداریی چالاکانەی سەرکردەکانی جڤات فرە گرنگە.

٦٠. کۆمیتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان دڵنیایی بدەن، گەر هەر هەوڵێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردە زیانبەخشەکان و ئاڵەنگاریی و گۆڕینی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بگیرێتە بەر، دەبێت گشتگیر و بەپێی پێوەرەکانی جڤات بێت، هەروەها

بە ڕێبازێکی مافەکیی دامەزرابێت، ئەمەش بەشداریی چالاکانەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بگرێتەوە، بە تایبەت ژنان و کچان.

## ٢. دەسەڵاتپێدان بە ژنان و کچان

٦١. دەوڵەتانی ئەندام پابەندن بە ئاڵەنگاریی و گۆڕینی ئەو ئایدیۆلۆژیا و بونیادە باوکسالاریانەی وا کۆسپ دەخەنە بەردەم ژنان و کچان، ئەمەش بۆ ئەوەی سەرتاپێ کار بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانیان بکەن. تا بەم ڕەنگە کچان و ژنان بە سەر ئەو 'وەدەرنانە کۆمەڵایەتیی'[٩٤] و هەژارییەدا زاڵ بن وا زۆرێکیان ئەزموونی دەکەن، چونکە لاوازییان بەرانبەر چەوساندنەوە، کردە زیانبەخشەکان و شێوەکانی تری توندوتیژیی جێندەریی هەڵدەکشێنێ، پێویستە ئەوان کارامەیی و لێهاتوویی پێویستیان بۆ سووربوون لە سەر مافەکانیان پێ بدرێت، لەوانە، بۆ ئەوەی بڕیار و هەڵبژاردنی سەربەخۆ و ئاگادارانە سەبارەت بە ژیانی خۆیان بدەن. لەم چوارچێوەیەدا، پەروەردە ئامڕازێکی گرنگە بۆ دەسەڵاتپێدان بە ژنان و کچان تا مافەکانیان داوا بکەن.

٦٢. پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان کەمیی بەدەستهێنانی ئاستی خوێندنی کچان و ژنان و بەربڵاویی کردە زیانبەخشەکاندا هەیە. دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان پابەندییان لە سەرە تا مافی گشتگیر

---

[94] Social Exclusion.

دەســتەبەر بکەن، ئەمەش بە خوێنـدنی ئاســتبەرز و ڕەخســاندنی ژینگەیەکی کارا تا ڕێگە بە کچان و ژنان بدات ببنە بریکاری گۆڕانکاریی (پەیمـاننـامەی مـافەکـانی منـداڵ، مـادەکـانی ٢٨-٢٩؛ پەیمـاننـامەی نەهێشــتنی هەموو شـێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، مادەی ١٠). ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخساندنی خوێندنێکی گشتگیر و ئازاد و ناچاریی و بەردەوام و بێلایەنیی جێندەریی و ڕەخسـاو بۆ ئافرەتانی پەراوێز، لەوانە؛ ئەوانەی لە جڤاتە دوورەدەسـت و گوندەکان دەژین. پێویسـتە لە جێبەجێکردنی پابەنـدییەکانـدا، ڕەچـاوی ســەلامەتیی خوێندنگەکان و دەوروبەریـان بکرێت، دۆستانە بن بۆ کچان و ڕەخسێنەری باشترین چالاکییان بن.

٦٣. تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی سوودی کورتخایەن و درێژخـایەن بۆ کچـان دەســتەبەر دەکـات، ئەمەش بەشــدارە لە پێشــگیریی هـاوســەرگریی پێشــوەختە و دووگیـانیی مێردمنـداڵ و کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و نەخۆشــیی کۆرپە و دایکان، ئامادەکردنی ژنان و کچان لە بانگەشــەیەکی باشــتری مافی ناتوندوتیژیی و زیادکردنی دەرفەتەکانیـان تـا بەشــدارییەکی کاریگەرانە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان بکەن. کۆمیتەکان بەردەوام هانی دەوڵەتانی ئەندامیان داوە تا ڕێوشوێن بۆ بەرزکردنەوەی ناونووسـیی و مانەوە لە خوێندنی ناوەندیی بگرنە بەر، بۆ نموونە؛ دڵنیـابوون لەوەی خوێندکاران خوێندنی ســەرەتایی تەواو

دەکەن، هەڵوەشـــاندنەوەی کرێی خوێنـدن بۆ هەردوو خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەندیی، پێشـخسـتنی دەسـتڕاگەیشـتنێکی یەکسـان بە خوێندنی ناوەندیی، لەوانەش پەروەردەی تەکنیکی-پیشەیی دەرفەتەکان و گرنگییدان بە خوێندنی ناچارەکیی قۆناغی ناوەندیی. دەتوانرێت مافی کچـانی مێردمنـداڵ بۆ بەردەوامبوون لە خوێنـدن، لە کـات و دوای دووگیانیی، لە ڕێی ڕێسای گەڕانەوەی ناجیاکارییەوە، مسۆگەر بکرێت.

٦٤. زۆر جار پەروەردەی نافەرمیی بۆ کچانی دەرەوەی خوێندنگە، تاکە ڕێبازی فێربوونیانە و پێویســتە پەروەردەی بنەڕەتیی و فێرکاریی، لە توانستەکانی ژیاندا بەدەست بهێنن. ئەمە شـوێنگرەوەیەکە بۆ خوێندنی فەرمیی ئەو کەسـانەی خوێندنی سـەرەتایی یان ناوەندییان تەواو نەکردووە و ڕەنگە لە ڕێی بەرنامە ڕادیۆییەکان و ڕاگەیاندنەکانی ترەوە بەردەست بخرێن، لەوانەش ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیی.

٦٥. ژنان و کچان دەتوانن سـامانی ئابووریی خۆیان لە ڕێی ڕاهێنان لە بواری بژێوی و کـارامەییەکـانی کـارڕەخسـێنیی بنیـات بنێن، جـا سـوودمەندی ئەو بەرنامانەن وا هاندانێکی ئابووریی بۆ دواخسـتنی هاوسـەرگریی تا تەمەنی ١٨ سـاڵیی پێشـکەش دەکەن، وەک خوێندنی بـاربۆکراو، بەرنـامەی قەرزی بچووک یـان گەڵاڵەی پـاشـەکەوتکردن

(پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، ماددەکانی ١١ و ١٣؛ پەیماننامەی مافەکانی منداڵ، ماددەی ٢٨). بەرنامەکانی سەربار بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی زۆر گرنگن، ئەمەش بۆ گەیاندنی مافی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و ئاڵەنگاریی قەدەغەکراوەکانی سەر ڕاسەری ژنان و کار.

٦٦. یەکێکی تر لە ئامڕازەکانی هاندانی دەسەڵاتپێدان بە ژنان و کچان، بریتییە لە بنیاتنانی سەروەتی کۆمەڵایەتییانە. دەکرێت ئەمە لە ڕێی دروستکردنی ژینگەی سەلامەتەوە ئاسانکاریی بۆ بکرێت، تا کچان و ژنان بتوانن پەیوەندیی لەگەڵ هاوشان و ڕاهێنەران و مامۆستایان و ڕابەرانی جڤاتەکانیاندا چێ بکەن و خۆیان دەرببڕن و قسە بکەن، هەروەها ئاوات و نیگەرانییەکانیان بخەنە ڕوو و بەشداریی لەم بڕیارانەدا بکەن وا باندۆر دەخەنە سەر ژینیان. ئەمەش دەتوانێت یارمەتییان بدات بۆ پەرەپێدانی توانستەکانی خودڕێزیی و خودکاراییی، پەیوەندیی و دانوستان و چارەسەری کێشەکان و هۆشیاریی بەرانبەر مافەکانیان، ئەمەش بە تایبەتیی بۆ کچانی کۆچبەر گرنگە. بە سەرنجدان لەوەی پیاوان بە شێوەیەکی باو لە سەرپاکی ئاستەکاندا پێگەی دەسەڵات و کاریگەرییان هەبووە، بەشدارییان زۆر گرنگە، ئەمە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە منداڵان و ژنان پشتگیریی و بەشداریی

پابەندانەی خێزان و جڤات و کۆمەڵگەی مەدەنیی و داڕێژەرانی ڕێسایییان هەبێت.

٦٧. منداڵی و سەرەتای مێرمنداڵی، خاڵی چوونە ناوەوەن تا یارمەتیی کچ و کوڕ بدەن و بۆ گۆڕینی هەڵوێستی جێندەرییانە و وەرگرتنی ڕۆڵ و شێوەی ڕەفتاری ئەرێنیی زیاتر لە ماڵ و خوێندنگە و تەواوی کۆمەڵگادا پشتگیرییان بکەن. ئەمە بە واتای ئاسانکاریی بۆ گفتوگۆ لەگەڵیان، لە سەر ئەو پێوەر و هەڵوێست و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییانەی وا پەیوەندییان بە 'مێیەتیی'[٩٥] و 'نێرێتیی'[٩٦] و ڕۆڵی باوەڕپاویی ڕەگەز و جێندەرەوە هەیە، لەگەڵ بە هاوبەشیی کارکردن لەگەڵیان بۆ پشتگیریی گۆڕانکاریی کەسەکیی و کۆمەڵایەتیی، ئەمەش بە مەبەستی نەهێشتنی 'نایەکسانیی جێندەریی'[٩٧] و گرنگییدان بە بەهای پەروەردەیی، بە تایبەت پەروەردەی کچان، لە هەوڵی نەهێشتنی ئەو کردە زیانبەخشانەی بە تایبەتیی کاریگەرییان لە سەر کچانی منداڵی و مێردمنداڵیی هەیە.

---

95 Femininity.
96 Masculinity.
97 Gender Inequality.

٦٨. ئەو ژن و کچە مێرمندالانەی تووشی کردە زیانبەخشەکان یان لە ژێر مەترسیی کردە زیانبەخشەکاندان، ڕووبەڕووی مەترسیی بەرچاوی تەندرووستیی ڕەگەزیی و زاوزێ دەبنەوە، بە تایبەت لە چوارچێوەیەکدا بۆ بڕیاردان ڕووبەڕووی بەربەست بوونەتەوە، ئەمەش لەو جۆرە پرسانەی لە بێزانیاریی و خزمەتگوزاریی گونجاودا، وەک؛ نەبوونی خزمەتگوزاریی دڵسۆزیی مێرمندالان. لەبەر ئەوە، گرنگییەکی تایبەت پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ژنان و مێردمندالان دەستیان بە زانیاریی درووست سەبارەت بە تەندرووستیی و مافی ڕەگەزیی و زاوزێ و کاریگەرییەکانی کردە زیانبەخشەکان ڕادەگات، هەروەها دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گونجاو و تایبەتەکان. پەروەردە بە پێوەری تەمەن، کە زانیاریی زانستییانە لەبارەی تەندرووستیی ڕەگەزیی و زاوزێ دەگرێتەوە، بەم پێودانگە بەشداریی لە دەسەڵاتپێدانی کچان و ژنان بۆ بڕیاردانی ئاگادارانە و بانگەشەکردنی مافەکانیان دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش، دابینکەرانی چاودێریی تەندرووستیی و تێگەشتنێکی لێهاتووانەی مامۆستایانی پسپۆڕ، ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی زانیارییەکان و پێشگیریی کردە زیانبەخشەکان و ناسینەوە و یارمەتییدانی ژن و کچانی قوربانیی، یان ئەوانەی مەترسیی تووشبوونیان بەو کردانە هەیە، دەگێڕن.

٦٩. کۆمیتەکان پێشـــنیاری ئەوە دەکەن، کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان:

(ا) پێشکەشکردنی خوێندنی سەرەتایی گشتگیر و بێبەرانبەر و زۆرەملێ، کە دڵسۆزی کچانە بێت، بۆ نموونە؛ لە ناوچە دووردەست و گوندنشینەکان، بیرکردنەوە لەوەی خوێندنی ناوەندیی بکەنەوە بە ناچاریی، هاوکات دابینکردنی هاندانی ئابووریی بۆ کچانی دووگیان و دایکانی مێرمنداڵ تا خوێندنی ناوەندیی تەواو بکەن و ڕێسای گەڕاندنەوەی ناجیاکاریی دابنێن.

(ب) دابینکردنی دەرفەتی پەروەردەیی و ئابووریی بۆ کچان و ژنان لە ژینگەیەکی سەلامەت و کارادا، تا بتوانن پەرە بە خودڕێزیی و هۆشیاریی بە مافەکانیان و توانستی پەیوەندیی و دانوستان و چارەسەری کێشەکانیان بدەن.

(پ) زانیارییەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، لەوانەش: ئەوانەی دەربارەی ژن و منداڵان و یەکسانیی جێندەریی و خودهۆشیاریی بخرێنە ناو بەرنامەی خوێندنی پەروەردەییەوە و بەشداریی لە نەهێشتنی باوەبەڕاوییە جێندەرییەکان بکەن، هەروەها ژینگەیەکی ناجیاکارییانە بڕەخسێنن.

(ت) دڵنیابوون لەوەی خوێندنگەکان زانیاریی بەپێی تەمەن دەربارەی تەندرووستیی و مافە ڕەگەزییەکان و زاوزێ پێشکەش دەکەن، لەوانەش؛ پەیوەندییە جێندەرییەکان و ڕەفتاری ڕەگەزیی بەرپرسیارانە و پێشگیریی لە ئایدز و خۆراکدان و پاراستن لە توندوتیژیی و کردە زیانبەخشەکان.

(ج) دڵنیایی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامە پەروەردەییە نافەرمییەکان بۆ ئەو کچانەی وازیان لە خوێندنی ئاسایی هێناوە، یان ئەوانەی هەرگیز ناویان تۆمار نەکردووە و نەخوێندەوارن، هەروەها چاودێریی چۆنێتیی ئەو بەرنامانە.

(چ) دەسگیرۆیی پیاوان و کوڕان بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی کارا، تا بەم ڕەنگە پشتگیریی لە بەهێزکردنی ژنان و کچان بکات.

## ٣. پەرەپێدانی توانادارێی لە هەموو ئاستەکاندا

٧٠. یەکێک لە ئاڵەنگارییە سەرەکییەکان بۆ نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان، پەیوەندیی بە کێماسیی هۆشیاریی یان توانامەندیی پیشەگەرانی پەیوەندیدارەوە هەیە، لەوانەش؛ پیشەگەرانی کارڕاپەڕێن، ئەمەش بۆ تێگەیشتن و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گونجاوی پێشهاتەکان یان مەترسییەکانی کردە زیانبەخشەکان. دەبێت ڕێبازێکی هەمەلایەنە و گشتگیر و کاریگەر بۆ بنیاتنانی توانامەندیی بگیرێتە بەر، ئەمە بە ئامانجی بەشداریپێکردنی ڕابەرە کاریگەرەکان، وەک ڕابەرە نەریتیی و ئایینییەکان، هەروەها زۆرترین گرووپی پیشەیی پەیوەندییدار، لەوانە، تەندرووستیی و پەروەردە و کارمەندانی کۆمەڵایەتیی و دەسەڵاتدارانی پەنابەریی و کۆچبەریی، هەروەها پۆلیس و داواکاریی گشتیی و دادوەران و سیاسەتمەداران لە هەموو ئاستەکاندا. پێویستە زانیاریی درووستییان سەبارەت بە کردە و پێوەر و پێودانگە کارپێکراوەکانی مافی مرۆڤ پێ بدرێت، ئەمەش بە ئامانجی پێشخستنی گۆڕانکاریی هەڵوێست و شێوەکانی ڕەفتاری گرووپەکەیان و تەواوی کۆمەڵگا.

٧١. پێویستە لەو شوێنانەی شێوازی چارەسەری ناکۆکییە شوێنگرەوەکان یان سیستەمی دادوەریی نەریتیی جێگیر کراون، ڕاهێنان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و کردە زیانبەخشەکان پێشکەش بەو کەسانە بکرێت وا بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنیان. هەروەها، ئەفسەرانی پۆلیس و داواکاری گشتیی و دادوەران و بەرپرسانی تری جێبەجێکردنی یاسا پێویستیان بە ڕاهێنان لە سەر جێبەجێکردنی یاسای نوێ یان هەنووکەیی هەیە، بەتاوانناساندنی کردە زیانبەخشەکان بۆ دڵنیابوونە لەوەی ئاگاداری مافەکانی ژنان و منداڵان بن و بەرانبەر دۆخی لاوازی قوربانییان هەستیار بن.

٧٢. لەو دەوڵەتە ئەندامانەی تەشەنەسەندنی کردە زیانبەخشەکان بە پلەی یەکەم بۆ جڤاتە کۆچبەرەکان سنووردارە، دەبێ دابینکەرانی چاودێریی تەندرووستیی، مامۆستایان و پیشەگەرانی چاودێریی منداڵان و کارمەندانی کۆمەڵایەتیی و ئەفسەرانی پۆلیس و بەرپرسانی کۆچ و کەرتی داد هەستیار بکرێن و لە سەر چۆنێتیی ناسینەوەی ئەو کچ و ژنانەی قوربانیی کردە زیانبەخشەکانن یان مەترسی کردە زیانبەخشەکانیان لە سەرە، ڕابهێنرێن، لەمانەش بترازێ، چ هەنگاوێک بۆ پاراستنیان بگیرێتە بەر.

٧٣. کۆمیتەکان پێشـــنیاری ئەوە دەکەن، کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان:

(ا) پێدانی زانیاریی بە هەموو پیشەگەرانی کارڕاپەڕێنی پەیوەندیداری کردە زیانبەخشەکان، پێوەر و پێودانگ و کارپێکراوەکانی مافی مرۆڤ و دڵنیابوون لەوەی ئەوان بە شێوەیەکی گونجاو بۆ پێشگیریی و دەستنیشانکردن و چارەسەری پێشهاتەکانی کردە زیانبەخشەکان ڕاهێنراون، لەوانەش، هێورکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان بۆ قوربانییان و یارمەتیدانیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چارەسەر و خزمەتگوزارییە گونجاوەکان.

(ب) پێشکەشکردنی ڕاهێنان بە کەسانی بەشدار تا ناکۆکییە شوێنگرەوەکان و سیستەمی دادوەریی نەریتیی چارەسەر بکرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ بەکار بهێنن، بە تایبەت بەرژەوەندییەکانی منداڵ و بەشداریی منداڵان لە دادخوازییە کارگێڕی و دادوەرییەکان؛

(پ) پێشکەشکردنی ڕاهێنان بە کارمەندانی یاساسەپێن، لەوانەش دەسەڵاتی دادوەریی، لە سەر یاسای نوێ و هەنووکەیی، ئەمانەش کردە زیانبەخشەکان قەدەغە دەکەن و دڵنیابوونەوە لە ئاگاداریی مافی ژنان و

منداڵان و ڕۆڵی ئەوان لە دادگایی تاوانباران و پاراستنی قوربانیانی کردە زیانبەخشەکان.

(ت) بەڕێوەبردنی بەرنامەی هۆشیاریی و ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ ئەو دابینکەرانەی چاودێریی تەندرووستیی وا لەگەڵ جڤاتە کۆچبەرەکان کار دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی چارەسەرکردنی پێداویستییە ناوازەکانی چاودێریی تەندرووستیی ئەو منداڵ و ژنانەی دووچاری خەتەنە و کردە زیانبەخشەکانی تر بوونەتەوە، هەروەها ڕاهێنانی تایبەتمەند بە پیشەگەرانی ناو خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانیی منداڵان و ئەو خزمەتگوزارییانەی تیشکۆ دەخەنە سەر مافەکانی ژنان، لەگەڵ ڕاهێنان بەو پیشەگەرانەی کەرتی پەروەردە و پۆلیس و داد و هەروەها ئەو سیاسەتمەدار و کارمەندانەی ڕاگەیاندن وا لەگەڵ کچان و ژنانی کۆچبەر کار دەکەن.

## ٤. بەرزکردنەوەی هۆشیاریی، گفتوگۆی گشتیی و دەرکەوتەکانی پابەندبوون

٧٤. بۆ ئاڵەنگاریی ئەو پێوەر و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییانەی وا بنەمای کردە زیانبەخشەکان پێک دەهێنن، لەوانەش بنیاتی دەسەڵاتی نێرزاڵێتیی و جیاکاریی بەپێ ڕەگەز و جێندەر و پلەبەندیی تەمەن، هەردوو کۆمیتەکە بەردەوام پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە دەوڵەتانی ئەندام، هەڵمەتی زانیاریی هەمەلایەنە و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتگیر پێشکەش بکەن، ئەمانە بەشێکن لە نەخشەدارێژیی درێژخایەن بۆ نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان.

٧٥. دەبێ لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانەوە ڕێوشوێنی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی زانیاریی ورد سەبارەت بەو زیانانەی بەهۆی کردەکانەوە دەکەونەوە و هۆکاری ڕازیکەر، کە بۆچی پێویستە نەهێڵرێن، لەخۆ بگرێت. لەم ڕووەوە، ڕاگەیاندنی گشتیی دەتوانێت کارکردەیی گرنگ لە دەستەبەرکردنی بیرکردنەوەی نوێ ئەنجام بدات، بە تایبەت لە ڕێی دەستڕاگەیشتنی ژنان و منداڵان بە زانیاریی و کەرەستەکان؛ ئەمەش بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی و تەندرووستیی جەستەیی و دەروونییان، هاوتەریب لەگەڵ

پابەندبوونەکان بەپێی هەردوو پەیماننامەکە، ئەمانە یارمەتیدەری پاراستنی کردە زیانبەخشەکانن.

٧٦. دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی دەرفەتێک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی گشتیی سەبارەت بە کردە زیانبەخشەکان دەڕەخسێنێت؛ ئەمە بە ئامانجی گەڕانی دەستەجەمیی بەدوای شوێنگرەوەگەلێک، کە نەبنە هۆی زیان یان پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ژنان و منداڵان و پێویستە گەیشتن بە ڕێککەوتنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی بنەما و بەردەوامیی کردە زیانبەخشەکان بگۆڕدرێن. شانازیی دەستەجەمیی جڤاتێک لە دەستنیشانکردن و وەرگرتنی ڕێگەی نوێ بۆ بەدیهێنانی بەها جەوهەرییەکانی، پابەندبوون و بەردەوامیی پێوەری نوێی کۆمەڵایەتیی مسۆگەر دەکات؛ ئەمە زیان و پێشێلی مافەکانی مرۆڤی لێ ناکەوێتەوە.

٧٧. کاریگەرترین هەوڵەکان گشتگیرن و لە هەموو ئاستەکاندا بەشداریی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن، بە تایبەت کچان و ژنانی جڤاتە زیانلێکەوتووەکان، هەروەها کوڕان و پیاوانیش. هەروەها، ئەو هەوڵانە پێویستیان بە بەشداریی چالاکانە و پشتیوانیی ڕابەرە ناوخۆییەکان هەیە، بۆ نموونە تەرخانکردنی سەرچاوەی گونجاو.

دامەزراندن یان بەهێزکردنی هاوبەشێتیی هەنووکەیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندییدارەکان و دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (ڕابەرە ئایینیی و نەریتییەکان، شارەزایان و کۆمەڵگەی مەدەنیی) یارمەتیدەرە بۆ درووستکردنی پرد لە نێوان هاودەنگەکاندا.

٧٨. دەکرێت گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە ئەزموونە ئەرێنییەکان بدرێت، ئەمەش پاش نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان لە نێو جڤاتی ناوخۆیی یان 'جڤاتی ڕەوەند'[98] یان جڤاتی تری کردەدا، لە هەمان ئەو ناوچە جوگرافییەی وا پاشخانی هاوشێوەیان هەیە، هەروەها ئاڵوگۆڕی کردە باشەکان، لەوانە، لە ناوچەکانی تر. ئەمەش لەوانەیە لە شێوەی کۆڕبەندی ناوخۆیی و نیشتمانیی یان ناوچەیی یان بۆنە، سەردانی ڕابەرانی جڤات یان بەکارهێنانی ئامڕازە بینراو و بیستراوەکان، بەڕێ بخرێت. سەرەڕای ئەوە، پێویستە چالاکییەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی، بە وردیی دابڕێژرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی وردی زەمینەی ناوخۆیی بن، لە ئاکامدا کاردانەوەی پەرچبوونەوەیان نەبێت یان پەرە بە شوورەیی و جیاکاریی دژی قوربانییان و جڤاتە کردەکان نەدەن.

---

[98] Diaspora Community.

٧٩. دەکرێت ڕاگەیاندنی جڤاتیی و باو، ڕۆڵێکی باڵکێش بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی و گەیاندن سەبارەت بە نەهێشتنی کردە زیانبەخشەکان، بگێڕن، لەوانە لە ڕێی دەستپێشخەرییە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتەکان بۆ میوانداریی دیدار یان بەرنامەی قسەکردنی تەلەفزیۆنی و ئامادەکردن و نمایشکردنی فلیمی بەڵگەیی و پەرەپێدانی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. هەروەها ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانن ئامرازێکی بەنرخی دابینکردنی زانیاریی و دەرفەت بن بۆ مشتومڕ، لە کاتێکدا پتر مۆبایل بۆ گەیاندنی پەیام و پەیوەندیی لەگەڵ هەموو تەمەنەکان بەکار دەهێنرێت. ڕاگەیاندنە جڤاتییانەکان دەتوانن وەک مەکۆیەکی بەسوودی زانیاریی و گفتوگۆ خزمەت بکەن، ئەمانە ڕەنگە ڕادیۆ، شانۆی سەر شەقام، مۆسیقا، هونەر، شیعر و بووکەڵەبەنینە بگرنەوە.

٨٠. لەو دەوڵەتە ئەندامانەی یاسای کاریگەر و جێبەجێکراویان دژی کردە زیانبەخشەکان هەیە، مەترسیی ئەوە هەیە کە جڤاتە کردەکان بۆ ئەنجامدانی کردەکان، خۆیان بشارنەوە یان بچنە دەرەوەی وڵات. دەبێت ئەو دەوڵەتانەی خانەخوێی جڤاتە کردەکانن، پشتگیریی هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی سەر قوربانییان یان ئەوانەی لە مەترسیدان و

کاریگەرییە یاساییەکانی پێشێلکارییەکە بکەن. لە هەمان کاتدا پێشگیریی لە جیاکاریی و ناوزڕاندن دژی ئەو جڤاتانە بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە هەنگاو بۆ ئاسانکاریی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیی ئەم جۆرە جڤاتانە بنرێت.

٨١. کۆمیتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان:

(ا) پەرەپێدان و پەسەندکردنی بەرنامەی هەمەلایەنەی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی بۆ ئاڵەنگاریی و هەڵوێستگۆڕکێی کۆمەڵایەتیی و ئەو نەریت و دابە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییانەی وا بنەمای ئەو جۆرە ڕەفتارانە پێک دەهێنن، ئەمانە درێژە بە کردە زیانبەخشەکان دەدەن.

(ب) دڵنیابوون لەوەی بەرنامەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی زانیاریی درووست و پەیامی ڕوون و یەکگرتوو لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانەوە، سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی کردە زیانبەخشەکانی ڕاسەری ژنان و منداڵان، بە تایبەت کچان، خێزانەکانیان و کۆمەڵگا بە گشتیی، پێشکەش دەکەن. پێویستە ئەم چەشنە بەرنامانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیی جڤاتیی و بڵاوکردنەوە بگرێتەوە.

(پ) هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو بەرانبەر ناوناتۆره و جیاکاریی دژی قوربانییان و جڤاته کۆچبەرەکان یان کەمینەکان بگیرێنه بەر.

(ت) دڵنیابوونەوه لەوەی بەرنامەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتیی؛ پێکهاتەکانی دەوڵەت، بۆ نموونه: بڕیاردەران و هەموو کارمەندانی بەرنامەی پەیوەندییدار و ئەو پیشەگەره سەرەکییانەی له حکومەتی ناوخۆیی و نیشتمانیی و دەزگاکانی حکومەتدا کار دەکەن، دەکەنه ئامانج.

(ج) دڵنیابوونەوه لەوەی کارمەندانی دامەزراوه نیشتمانییەکانی مافی مرۆڤ، بەرانبەر کاریگەرییەکانی کرده زیانبەخشەکان له ناو دەوڵەتی ئەندامدا سەرتاپێ ئاگادار و هەستیار بن، هەروەها پێویسته پشتگیریی بۆ پێشخستنی نەهێشتنی ئەو کردانه وەربگرن.

(چ) دەستپێکردنی گفتوگۆی گشتیی بۆ پێشگیریی و پێشخستنی نەهێشتنی کرده زیانبەخشەکان، ئەمەش به بەشداریی هەموو لایەنه پەیوەندییدارەکان بۆ ئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی ڕێوشوێنەکان، بۆ نموونه؛ ڕابەره ناوخۆییەکان و شارەزایان و ڕێکخراوەکانی گەل و جڤاته ئاینییەکان. پێویسته چالاکییەکان ئەو بنەما کەلتوورییه ئەرێنییانەی جڤات پەسەند بکەن وا لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا یەک دەگرنەوه، هەروەها زانیاریی سەبارەت به ئەزموونەکانی نەهێشتنی سەرکەوتووانەی

ئەو جڤاتانەی پێشتر کردەکانیان ئەنجام داوە و پاشخانی هاوشێوەیان هەیە، بگرنەوە.

(ح) بنیاتنان یان بەهێزکردنی هاوبەشێتیی کاریگەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی باو، ئەویش بۆ پشتگیریی لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی و پێشخستنی گفتوگۆی گشتیی و هاندانی درووستکردن و چاودێریی شێوەکانی خۆڕێکخستن، ئەمانە ڕێز لە تایبەتمەندیی تاکەکان دەگرن.

## ت. ڕێوشوێنەکانی پاراستن و خزمەتگوزارییەکانی بەدەمەوەچوون

٨٢. ئەو ژن و منداڵانەی قوربانیی کردە زیانبەخشەکانن، پێویستیان بە خزمەتگوزاریی پشتیوانیی دەستبەجێ هەیە، وەک خزمەتگوزاریی پزیشکیی و دەروونیی و یاسایی. ڕەنگە خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی پزیشکیی پێویسترین و دیارترینیان بێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی هەندێک لەو کردە زیانبەخشانەی لێرەدا باس کراون، لێدانی توندوتیژیی سەختی جەستەیی دەگرنەوە و ڕەنگە پێویستی بە دەستێوەردانی پزیشکیی بۆ چارەسەری زیانی سەخت یان ڕێگریی لە مەرگ بێت. هەروەها ڕەنگە قوربانیانی خەتەنەکردن یان کردە زیانبەخشەکانی تر، بۆ چارەسەری لێکەوتە جەستەییە کورتخایەن و درێژخایەنەکان، پێویستیان بە چارەسەری پزیشکیی یان نەشتەرگەریی بێت. دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵ دووگیانیی و منداڵبوون بۆ ئەو ژن یان کچانەی، خەتەنە کراون، بۆ مامان و پزیشک و چاودێرانی تری لەدایکبوون لێهاتوو، لە ڕاهێنانی پێش خزمەت و لە ماوەی خزمەتدا جێگیر بکرێت.

٨٣. دەبێت سیستەمی پاراستنی نیشتمانیی یان لە کێماسیی ئەو سیستەمەدا، پێکهاتە نەریتییەکان وەها چێوەمەند بکرێن، کە دۆستی منداڵ و جێندەرهەستیار بن و سەرچاوەی پێویستیان هەبێت، ئەویش بۆ پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی پێویست بۆ ئەو ژن و کچانەی ڕووبەڕووی مەترسییەکی زۆری توندوتیژیی دەبنەوە، لەوانەش: ئەو کچانەی وا ڕا دەکەن بۆ ئەوەی تووشی خەتەنەکردن و هاوسەرگریی زۆرەملێ یان ئەو تاوانانە نەبنەوە وا بە ناوی شەڕەفەوە ئەنجام دەدرێن. پێویستە ڕەچاوی دامەزراندنی هێڵی یارمەتیی ئاسانفام و خۆڕایی و هەمیشە کراوە بێت و لە سەرانسەری وڵاتدا بزانرێت. دەبێت ڕێوشوێنی سەلامەتیی و ئاسایشی گونجاو بۆ قوربانییان بەردەست بێت، لەوانەش پەناگەی کاتیی تایبەت یان خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکانی پەناگە بۆ قوربانییانی توندوتیژیی. ئەمە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی زۆر جار تاوانکارانی کردە زیانبەخشەکان هاوسەری قوربانییەکە و ئەندامێکی خێزانەکەی یان ئەندامێکی جڤاتی قوربانییەکەن، جا بۆیە دەبێت خزمەتگوزارییەکانی پاراستن هەوڵ بدەن قوربانییەکان دەستبەجێ بۆ دەرەوەی جڤاتەکە بگوازنەوە، ئەمە ئەگەر هۆکارێک هەبێت بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنرێت، کە ڕەنگە سەلامەت نەبن. دەبێت ڕێگریی لە سەردانیی بێ چاودێریی بگیرێ، بە تایبەت کاتێک پرسەکە

کێشـەی شـەڕەف بێت. هەروەها دەبێت پشـتگیریی دەروونکۆمەڵایەتیی بۆ چارەســەری دەســتبەجێی زەبری دەروونیی درێژخایەنی قوربانییان بەردەســت بێت، ڕەنگە ئەمە گوشـاری تێکچوونی دوای زەبری دەروونیی و دڵەڕاوکێی و خەمۆکیی بگرێتەوە.

٨٤. کاتێک ژنێک یان کچێک تووشــی کردەیەک یان بەرەنگاریی کردەیەک بووەتەوە، خێزانەکەی یان جڤاتەکەی بەجێ دەهێڵێت و بۆ پەنـاگەیەک دەگەڕێت، لەم دۆخەدا دەبێـت بە شــێوازی پـاراســتنی نیشــتمـانیی گونجـاو، پشــتگیریی گەڕانەوەی بکرێـت. پێویســتە لە یـارمەتیـدانی ئەم هەڵبژاردنە ئـازاد و ئـاگـادارانەدا، شــێـوازەکـانی دڵنیابوونەوە لە گەڕانەوەی ســەلامەتیی و تێکەڵبوونەوە بەپێی بنەمای بەرژەوەنـدیـی قـوربـانـیـیەکە بـێـت، لەوانەش؛ دوورکەوتـنەوە لە قوربانیبوونەوە. ئەم جۆرە بارودۆخانە پێویســتیان بە بەدواداچوون و چاودێریی ورد هەیە، ئەویش تـا دڵنیا بینەوە قوربانییان پارێزراون و لە ماوەی کورتخایەن و درێژخایەندا مافەکانیان بەدەست دەهێنن.

٨٥. زۆر جار ئەو قوربانییانەی لە ئاکامی کردە زیانبەخشــەکانەوە مافەکانیان پێشــێل دەکرێن و داوای دادپەروەریی دەکەن، ڕووبەڕووی ناوزڕان و مەترسیی قوربانیبوونەوە و گێچەڵ و ئەگەری تۆڵەسەندنەوە

دەبنەوە. لەبەر ئەوە دەبێت دڵنیا ببینەوە  کە بە درێژایی پێڤاژۆی یاسایی مافی کچان و ژنان، پارێزراو دەبن، بەپێی مادەکانی ٢ (ج) و ١٥ (٢) و (٣)ـی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، منداڵانیش دەتوانن بەشداریکی کارای  دادگایی بن، ئەمەش وەک بەشێک لە مافی گوێگرتنیان بەپێی ماددەی ١٢ـی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ.

٨٦. زۆرێک لە کۆچبەران دۆخێکی ئابووریی و یاسایی ناجێگیریان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵکشانی لاوازیيان بەرانبەر هەموو جۆرە توندوتیژییەک، لەوانەش؛ کردە زیانبەخشەکان. زۆر جار ژنان و منداڵانی کۆچبەر، بەپێی بنەمای یەکسان لەگەڵ هاوونیشتیمانیان دەستیان بە خزمەتگوزارییە گونجاوەکاندا ناگات.

٨٧. کۆمیتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکان:

(ا) دڵنیابوون لەوەی خزمەتگوزارییەکانی پاراستن چێوەمەند کراون و سەرچاوەی گونجاویان بۆ دابین کراوە، ئەمەش بۆ پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییە پێویستەکانی پێشگیریی و پاراستنی ئەو منداڵ و

ژنانەی قوربانیین یان مەترسیی زۆریان لە سەرە تا ببنە قوربانیی کردە زیانبەخشەکان.

(ب) دامەزراندنی هێڵێکی بەردەوامی بێبەرانبەر و ٢٤ کاتژمێریی، جا ڕاوێژکاری ڕاهێنراو بەڕێوەی دەبەن، بۆ ئەوەی قوربانییەکان بتوانن ئەو پێشهاتانە ڕاپۆرت بدەن وا ئەگەری ڕوودانی کردەی زیانبەخشیان هەیە یاخود ڕوویان داوە، هەروەها ڕاسپاردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان و زانیاریی ورد سەبارەت بە کردە زیانبەخشەکان پێشکەش بکەن.

(پ) پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەی تواناسازیی لەمەڕ ڕۆڵی ئەوان بۆ پاراستنی ئەفسەرانی دادوەریی، لەوانەش؛ دادوەران و پارێزەران و داواکارانی گشتیی و هەموو لایەنە پەیوەندییدارەکان، سەبارەت بە یاساکانی قەدەغەکردنی جیاکاریی و جێبەجێکردنی یاساکان، ئەمەش بە شێوەیەکی جێندەرهەستیار و تەمەنهەستیار بەپێی پەیماننامەکان.

(ت) دڵنیابوون لەوەی ئەو منداڵانەی بەشداریی لە پێڤاژۆی یاساییدا دەکەن، دەستیان بە خزمەتگوزارییە گونجاوەکانی منداڵهەستیارییدا ڕادەگات، ئەمەش بۆ پاراستنی ماف و سەلامەتییان و سنووردارکردنی کاریگەرییە نەرێنییە ئەگەرییەکانی دادگا. ڕەنگە کردەی پاراستن بریتی بێت لە سنووردارکردنی ژمارەی ئەو جارانەی وا پێویست بێت قوربانییەک لێدوان بدات، لەگەڵ داوانەکردن لێی تا ڕووبەڕووی

تاوانبار یان تاوانباران نەبێتەوە. هەنگاوەکانی تر لەوانەیە بریتی بن لە دیاریکردنی سەرپەرەشتیار (بەتایبەت لەو شوێنانەی تاوانبارەکە دایباب یان سەرپەرشتیاری یاساییە) و دڵنیا بوون لەوەی منداڵانی قوربانیانیی، دەستیان بە زانیاریی گونجاوی منداڵهەستیار سەبارەت بە پێشاژۆیەکە گەیشتووە و تەواو تێدەگەن چاوەڕوانی چی بکەن.

(ج) دڵنیابوون لەوەی ژنان و منداڵانی کۆچبەر بە یەکسانیی دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان دەگات، ئەمە بێ گوێدانە باری یاساییان.

٨٨. دەوڵەتانی ئەندام دەبێ ئەم ڕاسـپادە گشـتییە بە شـێوەیەکی بەرفراوان بۆ پەرلەمانەکان و حکومەتەکان و دەسـەڵاتی دادوەریی و لە سـەر ئاسـتی نیشـتمانیی و ناوخۆیی، بڵاو بکەنەوە. هەروەها پێویسـتە منداڵان و ژنان و هەموو پیشەگەر و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، لەوانە؛ ئەوانەی بۆ منداڵان کار دەکەن، یان لەگەڵ منداڵان کـار دەکەن، (واتە، دادوەرەکـان، پـارێزەران، ئەفسـەرانی پۆلیس و بەرپرسـانی تری جێبەجێکردنی یاسـا، مامۆسـتایان، سـەرپەرشـتیاران، کارمەندانی کۆمەڵایەتیی، کارمەندانی گشـتیی یان تایبەتی دامەزراوە و پەناگە و دابینکەرانی چاودێریی تەندرووسـتیی) و کۆمەڵگەی مەدەنیی بە گشتیی. پێویستە یاساکە وەربگێڕدرێتە سەر زمانە پەیوەندییدارەکان و وەشـانی منداڵـدۆسـت و گونجـاو و فۆرمـاتێکی وای هەبێـت کە خاوەنپێداویسـتییە تایبەتەکان دەسـتیان پێ بگات و بەردەسـت بخرێن. پێویسـتە کۆڕ و کۆڕبەنـد و وۆرکشـۆپ و بۆنە و چالاکیی تر ئەنجام بدرێن، ئەمە بۆ ئەوەی کردەی باش سـەبارەت بە چۆنێتیی باشـترین ڕاپەڕاندنی یاساکە هاوبەشی پێ بکرێت. هەروەها، پێویستە بخرێتە ناو ڕاهێنـانی فەرمیی پێش خزمەتگوزاریی و نـاو خزمەتگوزاریی هەموو

پیشــەگەر و کارمەنـدانی تەکنیکیی پەیوەنـدیدار، پێویســتە بخرێتە بەردەستی هەموو دامەزراوە نیشتمانییەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تری مافی مرۆڤ.

٨٩. پێویســتە دەوڵەتـانی ئەنـدام، لە ڕاپۆرتەکـانیـانـدا بەپێی پەیماننامەکان، ســەبارەت بە ســرووشــت و ڕادەی هەڵوێســت و دابـونەریـت و ئەو پـێـوەرە کـۆمەڵایەتـیـیـانەی وا درێـژە بە کـردە زیانبەخشــەکان دەدەن، زانیاریی بدەن، ســا لە ڕاپۆرتەکەدا زانیاریی ســەبـارەت بەو ڕێوشــوێـنـانە بخەنە ڕوو کە بەپێی ئەم ڕاســپـاردە گشــتیی/لێدوانە گشــتییە هاوبەشــە هەنووکەییە ڕێنمایی دەکرێن و یاساکانیان جێبەجێ کردووە.

## نۆیەم: پەسەندکردنی پەیماننامە یان بەرزکردنەوە و ئاگادێریی

٩٠. دەوڵەتانی ئەندام هان دەدرێن تا ئەم ئامرازانەی لای خوارێ پەسەند بکەن:

(ا) کاربەرنامەی سەرپشکانەی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان.

(ب) کاربەرنامەی سەرپشکانەی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ سەبارەت بە فرۆشتنی منداڵان و لەشفرۆشیی منداڵ و پۆرنۆگرافیای منداڵ.

(پ) کاربەرنامەی سەرپشکانەی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ سەبارەت بە بەشداریی منداڵان لە شەڕی چەکدارییدا.

(ت) کاربەرنامەی سەرپشکانەی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ سەبارەت بە ڕێکارەکانی پەیوەندییگرتن.

٩١. دەبێت دەوڵەتانی ئەندام پێداچوونەوە و دەستکاریی یان کشانەوە لە هەر خۆبواردنێکی مادەکانی ٢، ٥ و ١٦، یان بڕگە لاوەکییەکانیانی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان و مادەکانی ١٩ و ٢٤ (٣)ی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ بکەن. کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، هەر لە بنەڕەتەوە خۆبواردن لەو مادانە لەگەڵ

ئامانج و مەبەستی پەیماننامەکاندا، بە ناتەبا دەزانێت و بەم پێیەش بەپێی مادەی ٢٨ (٢)ی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، ڕێپێنەدراوە.

## پەراوێزەکان:

---

[i] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٩، بڕگەی ١١؛ کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٩ سەبارەت بە مافی منداڵانی خاوەنپێداویستیی تایبەت، بڕگەکانی ٨،١٠ و ٧٩ و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٥ سەبارەت بە مافی منداڵ بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین پێوەری بەردەستیی تەندرووستیی، بڕگەکانی ٨ و ٩.

[ii] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٨ سەبارەت بە پابەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتانی ئەندام بەپێی مادەی ٢ی ڕێککەوتننامەکە، بڕگەی ١٨.

[iii] بڕوانە ڕاسپاردەی گشتی کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ژمارە ١٩، بڕگەی ١١ و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی، ژمارە ١٣، بڕگەی ٢٩.

[iv] بڕوانە A/61/299، بڕگەی ٤٦.

[v] تا ئێستا کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە نۆ ڕاسپاردەی گشتیی خۆیدا، ئاماژەی بە کردە زیانبەخشەکان کردووە: ژمارە ٣ سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ٥ی ڕێککەوتننامەکە، ژمارە ١٤، ژمارە ١٩، ژمارە ٢١، سەبارەت بە یەکسانیی هاوسەرگیریی و پەیوەندییە خێزانییەکان، ژمارە ٢٤ سەبارەت بە ژنان و تەندرووستیی، ژمارە ٢٥ سەبارەت بە ڕێوشوێنی تایبەتیی کاتیی، ژمارە ٢٨ سەبارەت بە پابەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتانی ئەندام بەپێی مادەی ٢ی ڕێککەوتننامەکە، ژمارە ٢٩ سەبارەت بە لێکەوتە ئابوورییەکانی هاوسەرگریی خێزان و پەیوەندییەکان و هەڵوەشاندنەوەیان، ژمارە ٣٠ سەبارەت بە ژنان بۆ پێشگیریی ململانێ و ململانێ و دۆخەکانی دوای ململانێ. کۆمیتەی مافەکانی منداڵ لە ڕاسپاردە گشتیەکانی ژمارە ٨ و ١٣دا ژمارەیەک کردەی زیانبەخشی ڕیزکراوی خستووەتە ڕوو.

[vi] پێویستە ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی لە وێنەی پابەندێتییەکی دەوڵەت، وەک ئەوەی لە پەیماننامەکاندا هاتوون، تێ بگەین، ئەمەش بۆ ڕێگریی لە توندوتیژیی

یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی قوربانییان و گەواهیدەرەکان لە پێشێلکارییەکان و لێکۆڵینەوە و سزادانی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن، لەوانەش؛ ڕۆڵگێڕە تایبەتەکان و دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە چارەسەر بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. بڕوانە کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردە گشتیەکانی ژمارە ١٩، بڕگەی ٩؛ ٢٨، بڕگەی ١٣؛٣٠، بڕگەی ١٥؛ بۆچوون و بڕیارەکانی کۆمیتەکە سەبارەت بە پەیوەندییگرتن و لێکۆڵینەوە تاکەکەسییەکان و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٣، بڕگەی ٥.

[vii] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٨، بڕگەی ٢٨ (ا) و تێبینییە کۆتاییەکانی و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٣، بڕگەی ٤٠.

[viii] ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، مادەی ٢،٥ و ١٦ و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، ماددەی ١٩ و ٢٤ (٣).

[ix] سەیری www.apromiserenewed.org بکە.

[x] کۆمیەتی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی، ژمارە ٣٠، بڕگەی ٦٢.

[xi] هەروەها سەیری مادەی ٣ (١) (ا) (ا) بکە.

[xii] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردە گشتییەکانی ژمارە ٢١، ٢٨ و ٢٩.

[xiii] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٩، بڕگەی ٢٧.

[xiv] کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٢٥، بڕگەی ٣٨.

[xv] کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٤ سەبارەت بە مافی منداڵ، ئەمەش بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی وەک ڕەچاوکردنی سەرەکیی وەربگیرێت.

[xvi] R45

[xvii] بڕوانە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی دژی ژنان، مادەی ٢ (ا)–(ج)، ٢ (ف) و ٥ و کۆمیتەی مافەکانی منداڵ، ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٣.